### لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

# ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی بونیادنانی ناسنامەیەکی کوردستانی



**گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە سلێمانییەوە بۆ بارزان، لە زۆر رووەوە لە بزاوتی قوستەنتینی سەرۆکی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهان دەچێت لە رۆماوە بۆ بیزەنتیە، چۆن لەگەڵ بزاوتی قوستەنتین لە رۆماوە بۆ قوستەنتینیە هەموو شتێک دەستی بە وەرچەرخان کرد، بەهەمان شێوە لەگەڵ دەسپێکی بزاوتی بارزانی باوکیش لە سلێمانییەوە بۆ بارزان هەموو شتێک دەستی بەوەرچەرخانکرد.**



**خەڵکی کوردستان ئومێدیان زۆرە کە هەنگاوەکانی پارتی، ئومێد بۆ ئێستا و ئاییندە زیندوو بکاتەوە**

قوستەنتین بە جووڵەی لە رۆمـاوە بۆ قوستەنتینیە، کەنیسە و دەوڵەتی لەیەکتری جیاکردەوە و حکومەتێکی مەدەنی دروستکرد کە بەیاسا کاروباری خەڵک بەرێوەبەرێت، بارزانییش بە جووڵەی لە سلێمانییەوە بۆ بـارزان، ناوچەگەری بۆ تاهەتایە لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان داماڵی و بونیادی ناسنامەی کوردستانی نەک تەنیا بۆ کوردستانی عێراق بەڵکو بۆ هەموو کوردستان دروستکرد.یەکەم کاری بارزانی دوای گەڕانەوەی لە سلێمانی دروستکردنی لیژنەی ئـازادی بـوو کە سەرکردایەتی شۆڕشی دووەمـی بارزانی دەکـرد، کەواتە پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی بارزانی نەمر دروست بێت، بارزانی سەرۆکی لیژنەی ئازادی بووە کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستانی کردووە بۆ مقاوەمەت و رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی، بەڵام پاش ئەوەی کۆمـاری کوردستان پێکهات، بـارزانی و ئەندامانی لیژنەی ئـازادی بوونە بەشێک لـەو کـۆمـارە و بـەرگـریـیـان لـە ئـازادی کـۆمـاری کـوردسـتـان کـرد، ئـەمـە پێمان دەڵێت چەمکی ئازادی لای بارزانی نەمر بۆ هـەمـوو کوردستانییەک و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بووە، بارزانی لە نامەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ عەبدولرەحمان عەزام پـاشـای سـەرۆکـی پـێـشـووی کـۆمکاری عەرەبی ناردووە، ئازادی بۆ هەموو گەلان دەخوازێت، چۆن ئازادی بۆ نەتەوەی کورد داوا دەکات ئاواش ئازادی بۆ گەلی عەرەب بە مافی خۆیان دەزانێت، بــــەڵام ئازادی بەبێ دیموکراتی، لە ریشەوە هەڵکێشانی دیموکراتییە، هەر بۆیە بـارزانـی و هـاوەڵانـی لە لیژنەی ئازادی بیریان لەوەکردەوە بۆ ئــەوەی ئامانجەکانی ئازادی بێتەدی و هەموو چین و توێژەکانی گەلی کـوردسـتـان بـەشـداری تێدا بکەن، دەبێت پارتێکی دیموکراتی دابمەزرێت و، هەر لەسەرەتاوە قوتابخانەیەک بێت بۆ فێربوونی دیموکراتی، بـارزانی نەمر بۆ بونیادی ئەم هەنگاوە، دیموکراتی پێکەوە گونجان( الدیمقراگیە التوافقیە) و پێکەوە کارکردنی هەڵبژارد، ئەمەش واتە سەرکردایەتی ئەم پارتە دیموکراتییەی دروست دەکرێت، پێویستە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە خۆی بگرێت، ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین سەرکردایەتی پارتی لـە سـاڵی ١٩٤٦ نـوێـنـەرایـەتـی هەموو کوردستانی گەورەی کردووە، کەواتە ئازادی و دیموکراتی ئامانجی ئەو وەرچەرخانەیە کە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانیەوە بۆ بارزان دەستی پێکرد، بەڵام چۆن گەلی کوردستان ئامانجی ئاشتی و ئازادی بـەدەسـت دەهـێـنـێـت، بێگومان بەرێگەی ئـاشـتـی، کـەواتـە ئـاشـتـی و ئــازادی و دیـمـوکـراتـی کـە ئـامـانـجـی سەرتاسەری هاووڵاتیانی کوردستانە، وەرچەرخانێکە دوو سەردەم لەیەکتری جیادەکاتەوە، سەردەمێک کە بزاڤە نەتەوەییەکانی کوردستان سنووری ناوچەگەری تێنەدەپەڕاند، سەردەمێکی دیکە کە لەناو ناسنامەی کوردستانی و بۆ ئامانجی ئاشتی و ئازادی ودیموکراتی خۆی بەرجەستە دەکاتـەوە، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بڵێین، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو وەرچەرخانەیە کە قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستانی وەرچەرخان بۆ قۆناخێکی پێشکەوتووتر و بـەرگـی نـاوچـەگـەری داماڵی و نـاسـنـامـەی کـوردسـتـانـی و شۆڕشی سەرتاسەری بــە بەری هەموو کوردستاندا کرد، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم وەرچەرخانە گەورەیە چۆن روویـدا؟ بێگومان بە پیادەکردنی دروشمی ( ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی ) راستە نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی و رزگـاربـوون لە داگیرکاران دەستی داوەتە مقاوەمەت و بەرخودان، بەڵام بەرخودان و مقاوەمەتی شۆڕشی کوردستان بە رێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بونیادی دیموکراتی و ئاشتی بووە، ئەم دروشمە تەنیا دروشمێک نەبووە بۆ رازاندنەوەی گوتاری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو دروشمێک بووە بەکردەیی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش و لەناو سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی پارتیدا رەنگدانەوەی هەبووە، ئەوانەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ( ١٩٦١-١٩٧٥)بەشدارییان کردووە، تەنیا ئەندامان و هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوون، بەڵکو چەندین لایەنی سیاسیی دیکەش وەک حزبی شیوعی عێراق و کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد)، خەڵکانێکی زۆری بێ لایـەن کە ئـەنـدامـی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوون، پێشمەرگە و فەرماندەی ئەو شۆڕشە بوون، بەرێزانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق کە ئێستاش هەندێکیان لەژیاندا ماون ( خوا تەمەن درێژیان بکات) لە زۆر بۆنەدا ئەو راستیە دووبارە دەکەنەوە کە ئەوان وەک حزبی شیوعی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوون بە رێبەرایەتی بارزانی نەمر، بەڵام ئەندامی حزبی شیوعی بوون و کاریان بۆ حزبی خۆیان کردووە و دوور و نزیک پێوەندیان بە سیاسەتی پـارتـی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە،

**ئێستا کە پارتی لە کوردستان پارتی یەکەمە و مەسەلەی سەرەکی کە رووبەرووی دەبێتەوە چۆنیەتی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی ناو پارتی و پشتگیری پارتییە بۆ بەهێزکردنی سەرجەم دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان**



ئەمە مانای ئەوەیە بارزانی نەمر پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر بنەمای فرەیی ( لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا دروست بوونی پارتی یەکگرتنی نێوان حزبە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان بووە) دامەزاندووە و ئامانجیش لە دامەزراندنی پارتی بۆ ئەوە نەبووە هەموو بیربۆچوونەکان لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکدا بتوێنرێتەوە و ئەو ئایدۆلۆژیەتەش ئایدلۆژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، نەخێر پارتی پێچەوانەی هەموو حزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست تاکە حزب و تا ئێستاش تەنیا حزبە، کە بۆچوون و سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی لەبەر رۆشنایی و فرەیی و هەمەرەنگی کوردستان دادەڕێژێت، ئەمەش واتە بڕوابوونی بارزانی نەمر بە فرەیی سیاسیی و لێبوردەیی نەتەوەیی و ئایینی، بناخەی کۆمەڵگەیەکی کراوەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دارشت، بێگومان دانانی بناخەش بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی کراوە کە تیایدا هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بەجیاوازی نەتەوەو ئایینەوە بتوانن خۆیانی تێدا بیننەوە دەبێت دوو هەنگاوی دیکەی بۆ هەڵبگیرێت، ئەو هەنگاوانەش بریتین لە:

١- بونیادی دامەزراوەی دادوەری و پیادەکردنی سەروەریی یاسا

بارزانی نەمر یەکەمین سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی جیهانە، کە لە ناو شۆرشی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا هەنگاوی بۆ بونیادی دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆ هەڵگرتووە، ئەم دامەزراوەیە لەگەڵ ئەوەی ناوی دادگای باڵای شۆرشی کوردستان بووە، کارەکانی دووربوون لەسیاسەت و بەپێی یاسا ژیانی خەڵکەکەی رێکخستووە و، لە پێناوی ئەوەشی یاسا بەبێلایەنانە جێبەجێ بکرێت، بارزانی نەمر بۆ سەرۆکایەتی ئەم دادگایە پارێزەرێکی کریستیانی هەڵبژاردبوو، بۆ ئەوەی بەهێزی یاسا کارەکان بەرێوە بەرێت نەك بەهێزی شۆڕش یان سیاسەت، هەمووومان بەیەکسانی لەژێر سەروەریی یاسادا سەیر بکات.

**٢-** دامەزراندنی رێکخراوە مەدەنییەکان، وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایان، یەکێتی نووسەران، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی هونەرمەندان. تاد) هەموو ئەمانە لە پێناوی ئەوە بوون شۆرش بناخەی کۆمەڵگەیەکی کراوەی ئەوتۆ دابرێژێت کە ئاشتی و ئازادی تێدا بەرقەرار بێت.

ئاماژەکردن بەو دووخاڵە گرنگەی

**دەبێت خوێندنەوەی پارتی و خۆ ئامادەکردنەوەی بۆ باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەم قۆناخەو تێروانینی بۆ ئایندە، تێروانێکی نوێ بێت و لەبەر رۆشنایی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی جارێکی دیکە پێناسەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بکاتەوە**




**نە ئازادی دەتوانێت جێگەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بگرێتەوەو نە بەپێچەوانەشەوە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەتوانێت جێگەی ئازادی بگرێتەوە**

سەرەوە کە هەمووی یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە پێشتر هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە و دوای ئەوەی پارتی دەستی پێکرد بوونە مۆرکی رەسانەیەتی شۆرشی کوردستان .


### پێکەوە گرێدانەوەی ئاشتی و ئازادی

پارتی لەسەردەمێکدا دروست بوو، کە شەڕی دووەمی جیهانی؛ تازە کۆتایی هاتبوو، سەردەمی ئەو کاتە سەردەمی دامەزراندنی حزبی ئایدیۆلۆژی بوو بە تایبەتیش ئایدیۆلۆژیەتی چەپ و مارکسی، لێرەدا ناتوانین بڵێین پارتی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کاریگەری ئایدۆلۆژیەتی چەپ و مارکسی لەسەر نەبووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین پارتی سوودی لە ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و زۆربەی بۆچوون و بیرەکانی دیکەش وەرگرتووە، بەڵام جیاوازی پارتی ئەوەیە کە هەموو ئەو بیربۆچوونانەی بۆ خزمەتی کێشەی رەوای گەلی کوردستان وەرگرتووە و هەوڵیدا تایبەتمەندی و قۆناخی مێژوویی گەلەکەی خۆی لەبیر نەکات، ئێمە لەم روانگەیەوە زیاتر هەڵوەستە لەسەر بایەخ و گرێدانەوەی ( ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی ) دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی بۆ ئێستا و داهاتوومان لەهەموو کاتێکی دیکە گرنگترە، سەبارەت بە گرنگی ئەم لایەنە لە پرۆفیسۆر ڤینست واگن ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ریچمۆند پرسیمان ئایا بایەخی پێکەوە گرێدانەوەی ئەم سێ چەمکە چییە؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر واگن بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربری و وتی:((ئەگەر ئێوە باسی پێوەندی نێوان ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی دەکەن، ئەوا من دەڵێم لەبەر ئەوەی لە دیموکراتیدا خەڵکی خۆیان خاوەن بریاری سیاسیین، ئەوا دەتوانین بڵێین دەتوانرێت دیموکراسی گرێبدرێتەوە بە ئازادیەوە، واتە لەبەر ئەوەی لە دیموکراسیدا خەڵکی خۆیان ئەرك و قورسایی دەرکردنی بریارەکان لە ئەستۆ دەگرن، ئەو بریارانەی لە لایەن بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانەوە دەردەکرێن، مەبەستم ئەوەیە خەڵکی باج دەدەن و ئەوان دەچن بۆ بەرەکانی شەڕ لە کاتی بەرپاکردنی شەڕدا، کەواتە دەوڵەتە دیموکراسیەکان دۆستی ئاشتین و هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دیموکراسی گرێدەدرێتەوە بە ئازادی و ئاشتیەوە.. ئەوجا ئەگەر لێرەدا پێناسەی ئاشتی بکەین، لە ڕاستیدا ئاشتی پێناسە و ئاستی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەندێ جار هەوڵدەدرێت نزمترین ئاشتی بهێنرێتەدی، کە بریتیە لە وەستاندنی شەڕ یاخود وەستاندنی توندوتیژی، دەکرێت ئەمە لە ناوچەکەی ئێوەدا ڕوویدات، ئەمەش ئاشتییەکی ڕووکەش، ئاشتیەکی ئاست نزم و ئاشتیەکی ناسەقامگیرە. هەندێ جار ئاشتیەکی سەقامگیر و ئاست بەرز و درێژخایەن بنیات دەنرێت. بۆ



نموونه پێویسته لەو وڵاتانەی بە شەڕێکی کاولکاردا تێپەڕیون لە نزمترین ئاستەوە دەست پێبکرێت- دەست بە بنیاتنانی ئاشتی بکرێت- هەر ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە شێوەیەکی کاتی حکومەتێکی کارا پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری سیاسی بهێنێتەدی و هەر ئەمەشە وادەکات هەندێ جار دیموکراسی بکرێتە قوربانی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری. هەرچەندە من پێم وایە لە کۆتاییدا سەقامگیرترین فۆرمی حکومەت بریتیە لە حکومەتی دیموکراسی.
بۆ ئازادیش بە هەمان شێوەیە، تەئکیدکردنەوە لەسەر ئازادی لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە کە تاکەکەسەکان توانای ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار بدەن، لەم ڕووەوە باشترین حکومەت ئەو حکو مە تە یە ڕێگە بە تاکەکەسەکان دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بڕیاربدەن. کەواتە ئێمە باس لە بوونی حکومەتێك ناکەین ژیرتر بێت لە خەڵکی و لە هاووڵاتیان، باس لە بوونی حکومەتێك دەکەین کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت. من پێم وایە باسکردن لە بوونی ئازادی لەسەر ئاستی نەتەوە یا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ڕاست و دروست نییە و بانگەشەیەکی بێ بنەمایە، ئەگەر هاتوو دەرفەت بە تاکەکەسەکان نەدرێت مومارەسەی ئازادی خۆیان بکەن))
کەواتە ئەو لایەنەی پرۆفیسۆر واگن ئاماژەی پێکرد، گرنگە هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئاشتی لە خاڵێکەوە دەست پێبکات و لەو خاڵەوە هەوڵبدرێت زەمینەیەك بۆ دیموکراتی و ئازادی بخوڵقێنرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەمێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بچینەوە دەبینن هەموو کات هەوڵی پارتی و سەرکردایەتی بۆ ئەوەبووە کە دەرفەتی ئاشتی لەکیس نەدرێت و ئەگەر حکومەتەکانی عێراق هەنگاوێك بۆ ئاشتی و کۆتایی هێنان بەشەڕ هاتبنە پێشەوە، شۆڕشی کوردستان بەسەرکردایەتی پارتی و بارزانی دووهەنگاو لێی چۆتە پێشەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆچی کە پارتی هێندە خوازیاری ئاشتی بووە، بەڵام لە پرۆسەی دانوستاندنەکانی لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق ئەم ئاشتییە نەهاتۆتەدی؟ بێگومان مێژوو پێمان دەڵێت لەبەر ئەوەی لای پارتی ئاشتی زەمینە ڕەخساندنە بۆ ئازادی و بونیادی دیموکراتی، بەڵام لای حکومەتە یەك لە

**دەبێت ئازادی گرێبدەینەوە بە واقیعە سیاسیە و یاساییەکەوە، هەروەها بە دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانەوە**



**دەوڵەتە ديموكراسييەكان پەنا بۆ شەڕكردن نابەن لەگەڵ يەكدا، ڕەنگە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتە ناديموكراتيەكاندا بكەن، بەڵام ناكەونە دۆخی شەڕەوە لەگەڵ يەكدا**

دوايەكەكانی عێراق بە مانای تەسليم بوون بووە بۆ ئيرادەی ئەو حكومەتانە نەك بوونی عێراق بە عێراقێكی ئازاد و ديموكراتی، پارتی لەم پێناوەدا قوربانی بە ئازادی و ديموكراتی نەداوە واتە لە پێناوی ئاشتيدا، هەر بۆيە لەم چوارچێوەيەدا لە پرۆفيسۆر گاری ماكشۆرين ئوستادی زانستی سياسەت لە زانكۆی تێمبڵ و تايبەتمەند لەسەر مێژووی ليبراليزممان پرسی، ئايا دەكرێت لە پێناوی ئاشتی قوربانی بە ئازادی و ديموكراتی بدرێت؟ لەوەڵامدا پرۆفيسۆر گاری بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسيارەی داينەوە و وتی: (ئەمە پرسيارێكی قورسە، لە ڕاستيدا زۆرجار خەڵكی پەنا بۆ خەبات و بۆ شەڕكردن دەبەن لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و ديموكراتيدا، تەنانەت ئەگەر ئەم خەباتە ببێتەهۆی لە ناوبردنی ئاشتی، چونكە لەم حاڵەتەدا ئەو كەسانە ڕووبەڕووی هێزگەلێك دەبنەوە كە ئەو هێزانە هەوڵی زەوتكردنی ئازادی و ديموكراتی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار ئەگەر خەڵكەكە هەست بكەن لاوازن و لەم هەوڵەياندا ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە ئەوا ڕەنگە ژيان لە سايەی ئاشتيدا هەڵبژێرن ئەگەرچی ئەمە لەسەر حسابی زەوتكردنی ئازادی و ديموكراتيش بێت، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەمە دۆخێكی سەختە و دەبێت هەر هەل و مەرجێك بە تەنيا وەربگرين. بەڵام ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئەوەيە خەڵكانێك هەن ئامادەن دەست لە ئازادی هەڵبگرن و ئازادی بكەنە قوربانی ژيانێك لە سايەی ئاشتی و لە ڕژێمێكی ديموكراتيدا. ئەوا من دەڵێم زۆرێك لە خەڵكی لە نێوياندا خەڵكانی وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا بەو شێوەيە بير لە ديموكراسی دەكەنەوە كە لە هەناوی خۆيدا چەند ئازادييەك لە خۆدەگرێت، واتە باوەڕيان وايە ئەگەر تۆ مومارەسەی چەند ئازادييەك نەكەيت، ئەوا ناتوانيت بانگەشەی ئەوە بكەيت كە لە سايەی سيستمێكی ديموكراسيدا دەژی. لەم ڕووەوە پرسيارەكەی ئێوە دژيەكييەكی تێدايە. لە لايەكی ديكەوە ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئێوە مەبەستتان لە ئازادی چييە، چونكە دەكرێت ئێمە لە سايەی ديموكراسی و ئاشتيدا بژين و تاڕاددەيەكيش ئازادييەكان سنووردارين، هەر لەم ڕووەوە دەتوانين ئاماژە بەوە بكەين تەنانەت لە ديموكراسيشدا تۆ ئەوەندە ئازاديت نييە هەر كارێك ئەنجامبدەيت كە خواستت لەسەری بێت. ئەگەرچی لە ڕووی فەلسەفييەوە ديموكراسی هاوشانە بە دابينكردنی چەند ئازادييەك، بەڵام دووبارەی دەكەمەوە ئەوەی پەيوەست بێت بە پێوەندی نێوان ديموكراسی و ئاشتييەوە، ئەوا توێژەرەكان ئەوەيان خستۆتەڕوو كە دەوڵەتە ديموكراسييەكان پەنا بۆ شەڕكردن نابەن لەگەڵ يەكدا، ڕەنگە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتە ناديموكراتيەكاندا بكەن، بەڵام ناكەونە دۆخی شەڕەوە لەگەڵ يەكدا،



ڕەنگە هۆکارەکەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە سەرکردەی دەوڵەتە دیموکراسیەکان لە بەردەم گەلەکانیاندا بەرپرسیارن و ئاشکراشە ئەو گەلانە بە شێوەیەکی گشتی خوازیاری ئەوەن بە هەر نرخێك بێت خۆیان لە شەڕ لابدەن. ئەوەی پێوەندی بە ئازادییەوە هەبێت، ئەوا ئێمە دەزانین دیموکراتی دەستەبەرکردنی چەند ماف و ئازادییەك لە خۆدەگرێت کە حکومەت یا دەسەڵات ناتوانێت زەوتیان بکات. لەگەڵ بوونی حکومەتێکی سنووردار. هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی ئەوروپا ئەوا دیموکراسی لە سەدەکانی شانزدە و حەڤدەدا بریتی بوو لە خەباتکردن لە بری چینی ناوەند و بازرگان و خاوەنکارەکان، ئەوانەی کۆششیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ئابووری دەکرد، دواتر ئەمە پەرەیسەند بەرەو ئازادییە شەخسییەکان و ئازادییەکانی دیکە، کەواتە ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت دەبێت خەڵك بەرپرسەکان هەڵبژێرن و خەڵکی کۆنترۆڵی ئەم پرۆسەیە بکەن چەند ڕەگەزێکی ئازادی لە خۆدەگرێت، ئازادبوون لە کۆنترۆڵکردنی حکومەت، لەبەر ئەوەی تاکەکەسەکان چەند ماف و ئازادییەکیان هەیە کە نابێت حکومەت دەستێوەردانیان تێدا بکات)).

لە هەمانکاتدا و هەر لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەم ڕاپۆرتە لە پرۆفیسۆر بیسنیك پۆلمان پرسی، ئوستادی سۆسیۆلۆژی لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەند و پسپۆر لە دەوڵەتانی روسیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، لەوەڵامدا بەجۆرە ئەم باسەکەی خستەروو وتی : ((ئێوە پرسیارێکی ئاڵۆز دەکەن، لە ڕاستیدا دیموکراسی گرێدەدرێتەوە بە ئاشتی و ئازادییەوە، واتە دیموکراسی دەبێتەهۆی زیادبوونی ئاشتی، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ڕەنگە ئێوە فەیلەسۆفێکی وەك ئەمانۆیل کانتتان بیبستبێت کە باس لە ئاشتی دیموکراتی دەکات، مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە دەوڵەتە دیموکراتییەکان پەنا بۆ شەڕکردن نابەن لەگەڵ یەکتر و ئاشتی و سەقامگیری زیاتر دەبێت لە نێوانیاندا، بۆ نموونە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بکەین کە دوای ڕۆژگارێکی دورودرێژی شەڕ توانییان ئاشتییەکی درێژخایەن بەهۆی دیموکراسیەوە بهێننەدی. کەواتە ئەگەرچی هەمیشە دیموکراسی زەمانەتی هێنانەدی ئاشتی ناکات، بەڵام ئەوە بەدی دەکەین دیموکراسی بۆتەهۆی زیادبوونی ئەگەرەکانی هێنانەدی ئاشتی. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە ئازادی چەمکێکی موجەڕڕەدە و بەمشێوەیە هەموو کەسێك بانگەشەی ئازادیخوازی دەکات، بەڵام من دەڵێم بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیە دەبێت ئازادی گرێبدەینەوە بە واقیعە سیاسیە و یاساییەکەوە، بە دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانەوە)).

**هەموو کات هەوڵی پارتی و سەرکردایەتی بۆ ئەوەبووە کە دەرفەتی ئاشتی لەکیس نەدرێت و ئەگەر حکومەتەکانی عێراق هەنگاوێک بۆ ئاشتی و کۆتایی هێنان بەشەڕ هاتبنە پێشەوە، شۆرشی کوردستان بەسەرکردایەتی پارتی و بارزانی دووهەنگاو لێی چۆتە پێشەوە**




**پارتی سوودی لە ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و زۆربەی بۆچوون و بیرەکانی دیکەش وەرگرتووە، بەڵام جیاوازی پارتی ئەوەیە کە هەموو ئەو بیربۆچوونانەی بۆ خزمەتی کێشەی رەوای گەلی کوردستان وەرگرتووە**

## دیموکراتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

زۆر لە بیرمەندان، ئازادی دەکەنە بنەما بۆ بونیادی دیموکراتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا، هەندێك بیرمەندی دیکەش پێیان وایە ئەگەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو ئەوا دیموکراتی و ئازادی دروست دەبن، سەبارەت بەم لایەنە لە جارێکی دیکە لە پرۆفیسۆر گاری مارکۆشینمان پرسیەوە لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی : ((ئەوە ڕاستە، وڵاتانی ئەوروپا زیاتر جەخت لەسەر دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە، کە بە مانای یەکسانییەکی زیاتر دێت، ئەمەش بە مانای ڕزگاربوونی خەڵك دێت لە هەژاری و لە ترس و نیگەرانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری، ئەگەرچی لە ئەمەریکادا پتر بایەخ بە ئازادیی ئابووری دەدرێت لەسەر حسابی یەکسانی کۆمەڵایەتی، واتە ئەم ئازادبوونە ئابوورییە، نایەکسانی ئابووری یا نایەکسانی دابەشبوونی داهاتی لێدەکەوێتەوە. دواتر من نازانم ئایا ئازادی سەردەکێشێت بۆ هێنانەدی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یاخود بەپێچەوانەوە، من دەڵێم دەکرێت هەردوکیان هاوشان بە یەکتری بوونیان هەبێت، ئەگەرچی جۆرێك لە دژیەکی لە نێوانیاندا هەیە، واتە لە نێوان ئازادی و هێنانەدی کۆمەڵگەیەك کە یەکسانی کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرار بووبێت، ئەگەرچی ئێمە دەتوانین ئەم دژیەکییە کەم بکەینەوەو هاوسەنگیەك لەم ڕووەوە بهێنینەدی. ئەگەر لە ڕووی مێژوییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە دیموکراسی لە سەدەکانی شانزە و حەڤدە لە ئەوروپا لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی ئابووریدا بەرپاکرا، دواتر ئەم پرۆسەیە بەرەوپێشچوو، دوای ئەوەی مافی دەنگدان بە چینی کرێکار درا ئەم چینە دەنگدانەکەیان بۆ پێداگیری کردن لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرمایەداری و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەوڵدان بۆ بەرفراوانکردنی ئازادییە تاکەکەسیەکان سەردەکێشێت بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەگەر بە جیهاندا بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین ئەو وڵاتانەی دیموکراسی پیادە دەکەن ئازادییەکی زیاتر بە هاوڵاتیان دەدەن، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی تا ڕاددەیەك عەدالەتی کۆمەڵایەتی زیاتری بەرجەستەببێت. ))

بەڵام پرۆفیسۆر بیسنیك پاول کە زیاتر شارەزای مێژووی ئەوروپا و بیرمەندانی ئەوروپایە، پاشخانی پێوەندی نێوان ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی رۆشنگەری لەم راوانگەیەشەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەروو گووتی:




((ئەگەر ئێمە ئازادی لە ڕوانگەی لیبراڵیەتی تەقلیدییەوە پێناسە بکەین، لێرەدا مەبەستم لە تێڕوانینی کەسانی وەك جۆن لۆك و جۆن ستیوارت میلە، ئەوا ئەوان ئەولەویەتی ئازادی لەسەرووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە دادەنێن و پێیان وایە دابینکردنی ئازادیی سەردەکێشێت بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا ئەگەر لە دیموکراسیەتی لیبراڵیدا و لە ڕووی ئابوورییەوە پێناسەی ئازادی بکەین، ئەوا بریتیە لە ئازادی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی بازاڕدا، کە مەرج نییە ئەم ئازادی ئابوورییە ببێتەهۆی هێنانەدی ئازادی سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە وڵاتی چین بکەین کە سەرەڕای بوونی ڕاددەیەکی دیاریکراو لە ئازادی ئابووری، بەڵام ئازادیی سیاسی دەستەبەر نەکراوە. کەواتە بیرۆکەی ئەوەی ئازادی سەردەکێشێت بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بیرۆکەیەکی هەڵەیە. من پێم وایە ئەمە پرسە پتر


پەیوەستە بەوەی چۆن بتوانین دامەزراوەکان بە چەشنێك بنیات بنێین کە نایەکسانی گەورە لە کۆمەڵگەدا دروست نەبێت. هەر بۆیەشە تێڕوانینی لیبراڵی تەقلیدی کێشەی کۆمەڵگەی دابەشبوو و جەمسەرگیرەکانی چارەسەرنەکردووە، بۆ نموونە تۆ ناتوانیت بیرۆکەی لیبراڵیزم -کە جەخت لەسەر تاکگەرایی و مافە تاکەکەسیەکان دەکاتەوە- بهێنیت و لە کۆمەڵگەیەکدا پیادەی بکەیت کە فرەیی ئیتنی و ئایینی تێدایە، بێ ئەوەی ئەم هەمەچەشنی و فرەییانە لەبەرچاو بگیرێت. جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە ئازادی بیرۆکەیەکی موجەڕەدە، بیرۆکەکەیە توانای جۆشدانی خەڵکی هەیە لەم ڕۆژگارەو لە داهاتووشدا، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە لە چ سیاقێکدا دەمانەوێت ئازادی بنیات بنێین، یا چۆن بتوانین ئەم ئازادییە لە ڕووی سیاسی، ئابووری و دامەزراوەییەوە بنیات بنێین. )) هەر سەبارەت بە ئیشکالیەتی نێوان ئازادی

و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پرۆفیسۆر ڤینست وانگ بەشێوەیەکی دیکە سەیری دەکات و پێی وایە پێوەندییەکی دیالێکتیکی دووجەمسەری لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان هەیە و لەمبارەیەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو و وتی : ((من ئازادی بە ئۆکسجین دەشوبهێنم، کە تاوەکو هەوڵی زەوتکردن و بێبەشکردنت نەدرێت لێی هەستی پێناکەیت. لە لایەکی دیکەوە زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکرێت سروشتی وڵاتێك بە چەشنێکە ناتوانرێت دیموکراسی تێدا پیادە بکرێت، لەبەر ئەوە باس لەوە دەکەن دەبێت دیکتاتۆریەتێکی تاکەسەکەسی یاخود دیکتاتۆریەتی حزبێکی کۆمۆنیستی جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، هەروەکو دەوترێت ڕەنگە دیموکراسی خراپترین فۆرمی حکومڕانی بێت بەڵام تاوەکو ئێستا لە هەموو

**دامەزراندنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە پێناوی ئەوە بوون شۆرش بناخەی کۆمەڵگەیەکی کراوەی ئەوتۆ دابڕێژێت کە ئاشتی و ئازادی تێدا بەرقەرار بێت**



**بیسنیک پۆل بۆ گوڵان:**



**ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەوەی چۆن بتوانین دامەزراوەکان بە چەشنێک بنیات بنێین کە نایەکسانی گەورە لە کۆمەڵگەدا دروست نەبێت**

**ڤینسنت وانگ بۆ گوڵان:**



**ئەوە راست نییە بڵێین لە ئەمەریکا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کراوەو لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاواشدا جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەس ناکرێتەوە**

**گاری ماک شۆرین بۆ گوڵان :**



**لە رووی فەلسەفیەوە دیموکراسی هاوشانە بە دابینکردنی ئازادی، دواتر ئاشتی لەناو دۆخێکی ئازاددا بنیات دەنرێتەوە،**

بەدیلەکانی دیکەی حکومڕانێتی باشترە. بەڵام دەبێت ئەو راستیەش لەبەرچاو بگرین کە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان دیموکراسی و دیموکراسی لیبراڵیدا، بۆ نموونە لە دیموکراسیدا ئەگەر هەڵبژاردن بکرێتە پێوەر، ئەوا دەتوانین بڵێین دوو لەسەر سێی وڵاتان دیموکراسین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار ئەم دیموکراسیانە کەموکوڕییان هەیە لە ڕووی پاراستن و دابینکردنی ئازادییە مەدەنییەکان و مافەکانی هاووڵاتیان، کەواتە ناتوانین پێیان بڵێین دیموکراسی لیبراڵی، بە پێچەوانەوە لە دیموکراسی لیبراڵیدا، بە چەشنی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ئەرکی سەرەکی دەوڵەت پاراستن و پەرەپێدانی مافە تاکەکەسییەکانە، واتە ئەوان پێش ئەوەی دیموکراتی بن لیبراڵین، یا لیبراڵین لەبەرئەوەی دیموکراتین. هەر بۆیە من باوەڕم وانییە هێنانەدی ئازادی دەبێت لەسەر حسابی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێت و بە پێچەوانەشەوە، هەروەها ئەو جیاوازیەی ئێوە لە نێوان دیموکراتیەتی سۆشیال و دیموکراتیەتی سەرمایەداری ئەمەریکا دەیکەن جیاوازییەکی گرنگە، بۆ نموونە دیموکراتییە سۆشیالەکان پتر تەئکید لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەران دەکەنەوە، وەك دەوڵەتە ئەسکەندەنافیەکان، لە ڕاستیدا هەردوو فۆرمەکە هەر دیموکراسین، بەڵام جیاوازییەکە لە ئاستی دەستێوەردانی دەوڵەت و ئاستی جەختکردنەوە لەسەر تاکەکەسدا بەدی دەکرێت. هەروەها من پێم وانییە ئەوە ڕاست بێت بڵێین لە ئەمەریکادا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کراوە و لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواشدا جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەس ناکرێتەوە.))

**گرێدانەوەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی بۆ ئێستاو داهاتوومان**

پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێدەنێتە شەست و چوارەمینساڵی تەمەنی و خۆی ئامادەدەکات بەم نزیکانە کۆنگرەی خۆی گرێبدات، خۆی لەبەردەم گۆڕانکاری نێوان دوو کۆنگرەکەدا دەبینێتەوە، کە گۆڕانکاریەکی زۆر لە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو کۆنگرەکە روویداوە، لەم راستە دەکرێت بڵێین دەبێت خوێندنەوەی پارتی و خۆ ئامادەکردنەوەی بۆ باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەم قۆناخەو تێروانینی

بۆ ئایینده تێروانێکی نوێ بێت و لەبەر ڕۆشنایی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی جارێکی دیکە پێناسەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بکاتەوەو، هاوسەنگی هاوکێشەکە لەسەر ئاستی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکان بەگرنگی رابگرێت، ئێمە لەم راپۆرتە بەشێکی گرنگمان تەرخان کرد بۆ ئیشکالیەتی نێوان ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بۆیە نە ئازادی دەتوانێت جێگەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بگرێتەوەو نە بەپێچەوانەشەوە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەتوانێت جێگە ئازادی بگرێتەوە، گەلی کوردستان ئەمڕۆ پێویستی بەهەردووکیانە و دەخوازێت هەم ئازاد بێت و هەمیش یەکسانی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکرێت و دیموکراتی لە کوردستاندا زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت و بەرەو پێشەوە بچێت، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بە کۆنگرەی پێشتری پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، کە یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی بەدامەزراوەیی کردنی پارتی و بەدامەرزاوەیی کردنی دامەزراوەکانی کوردستان بوو، ئێستا کە پارتی لە کوردستان پارتی یەکەمە و بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا حکومڕانی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبات، مەسەلەی سەرەکی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە چۆنیەتی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی ناو پارتی و پشتگیری پارتییە بۆ بەهێزکردنی سەرجەم دامەزراوە دەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی بەهێزکردنی دامەزراوەکان هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەم پرسە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پرسێکی گرنگە و لە ئەولەویەتی خەمی خەڵکدایە و گرنگە پارتی وەڵامێکی جیددی ئەم مەسەلە گرنگەی لابێت، بۆ ئەوەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی هەمووکاتێك ئەو مانا بەرزەی لە ناخە هەر تاکێکی کوردستاندا کە بارزانی نەمر پارتی لە پێناویدا دامەزراندووە، خەڵکی کوردستانیش کە تا ئێستا پارتی بە ئومێد و پشت و پەنای بەدیهێنانی خەونەکانی خۆیان دەزانن و بڕوایان بەوەیە پارتی لەم پێناوەدا دریغی ناکات، ئومێدیان زۆرە کە هەنگاوەکانی پارتی،ئومێد بۆ ئێستا و ئایینده زیندوو بکاتەوە.



**بارزانی نەمر یەکەمین سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی جیهانە، کە لە ناو شۆرشی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا هەنگاوی بۆ بونیادی دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆ هەڵگرتووە**



**ئازادی و دیموکراتی ئامانجی ئەو وەرچەرخانەیە کە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانیەوە بۆ بارزان دەستی پێکرد**



**پارتی بەرنامەکانی خۆی لەبەر رۆشنایی و فرەیی و هەمەرەنگی کوردستان دادەڕێژێت**



## له ٦٤هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

# داستانی قارەمانانەی شێرەکوڕانی کورد له چیای گۆڕەز

## شەوی 15/16-8-1974



نووسینی دوکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز*

**سەرەتا:**

ساڵی (١٩٧٤)، له نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی (١١/ئەیلوول) و دەوڵەتی داگیرکەری (بەعس) دا، جەنگی (کوردستان) دەسپێکردەوە. منیش وەك ئەو هەزاران کوردە نیشتمانپەروەرانە، ڕووم له ناوچە ڕزگارکراوەکانی نیشتمانەکەم کرد، له ئامێزی گەرموگوڕی شۆڕشدا گیرسامەوە و جێی خۆم کردەوە!

**قەڵادزێ:**

لەبەرئەوەی ئەو کاتە، خوێندکاری قۆناغی سێی کۆلێژی کشتوکاڵ بووم، ڕەوانەی شارۆچکەی (قەڵادزێ)یان کردم، چونکە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدابوو، زانکۆی (سولەیمانیی) لەوێ بکاتەوە. هەرچی چۆنێ بوو، خۆم گەیاندە ئەوێ، بە هاوڕێ خوێندکار و مامۆستاکانم شادبوومەوە، بەو نیازەی بخوێنین. بەڵام بە داخێکی گەورە و گرانەوە، ئەو ئاواتەمان نەهاتەدی، چونکە زۆری نەبرد، فڕۆکەکانی (بەعس)، گوڵی هیواکانی هەڵوەراندین، ڕۆژی (٢٤/٤/ ١٩٧٤)، شارۆچکەکەیان بۆمباران و دانیشتووانەکەشیان

دوای ئەوەی
گەیشتمە
(پێنجوێن) و
ڕێکخستنەکانی
(کاژیک)مان
گرێدایەوە،
(پارتیی)
ش نەبووین،
بەڵام خۆمان
بە پێشمەرگەی
(بارزانیی) دەزانی!



شەهید (فەتاح)،
وتی: گەر لە
پێناوی ئەم خاک
و گەلەدا، دژی
دوژمنی داگیرکەر
بجەنگێن و
نەگەڕێنەوە،
تەنیا هەر ئەو
کاتە، (شەهادەی
شەهیدیی) لە
دایکی نیشتمان
وەردەگرن

خەڵتانی خوێن کرد. جگە لە ئەوەی، لە خەڵکی (قەڵادزێ) و خوێندکارانی زانکۆ، شەهید و بریندارێکی زۆر هەبوو، زۆر شوێنی شارەکەشی وێرانکرد و بە ئاشکراش، ڕووخساری جەنگی پێوە دیاربوو و ژیانیشی تێدا نەما.

**شێخاوەدڵان:**

لەبەرئەوە، هێندێ خوێندکار گەڕابوونەوە و خۆیان بەدەستەوەدابوو. هێندێکی دیکەیان، بۆ نێوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش ڕۆیشتبوون. ئەوانەی مابووشنەوە و تووشی زیان نەبووبوون، پەرشوبڵاوبووبوونەوە و هەر کۆمەڵێ لە گوندێ گیرسابوونەوە. بۆیە، بەهەر شێوەیە بوو، لەگەڵ بڕادەرانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) دا، هەوڵێکی زۆرمان دا، ئەو خوێندکارانە کۆبکەینەوە. ئەوە بوو، لە گوندی (شێخاوەدڵان) نزیك (قەڵادزێ)، کەمپێکی کاتییمان کردەوە، نزیکەی (١٢٠) خوێندکارمان کۆکردەوە و چەند مامۆستایەکی زانکۆشمان لەگەڵ بوو، سەرپەرشتیی کارەکانیان دەکرد و کەمپەکەیان بەڕێوەدەبرد. ماوەی دوو مانگێ لە نێو ئەو شاخانەدا ماینەوە، هیچ کارمان نەبوو، بە تەواویی وەڕسبووبووین. تا ڕۆژێکیان لە سەرکردایەتییەوە، چەکمان بۆ هات و خوێندکارەکانیشیان دابەشکرد، هەر کۆمەڵە خوێندکارێکیان، بۆ کارێکی تایبەتیی و شوێنێکی دیارییکراو نارد. من حەزم نەکرد، بەشداریی هیچ خولێك بکەم و وام بە چاك زانی، ببم بە پێشمەرگە و هێزی (خەبات)م هەڵبژارد، چونکە زۆربەی هاوبیر و خۆشەویستەکانم، لە شارۆچکەی (پێنجوێن) بوون و بارەگەی هێزیش هەر لە ئەوێ بوو.

**پێنجوێن:**

هەمووی مانگێ نەدەبوو، لە ئەوێ بووم، فەرمانەدەی هێزی (خەبات)، شەهیدی نەمر (فەتاح موحەممەد ئەمین) بانگیکردم و وتی: بەتالیۆنی چوار، ڕەوانەی بەرەکانی سەرەوە دەکەین، حەزدەکەم، تۆش وەك لێپرسراوی کارگێڕی بەتالیۆن، لەگەڵ کاك (نووریی حەمە عەلی)دا بڕۆی. منیش زۆرم پێ خۆشبوو، بە تایبەتیی شەهید (نووریی)م، هەر لە منداڵییەوە دەناسی و کوری گەڕەکمان بوو. ناو و ناوبانگێکی باشیشی هەبوو. جگە لە ئەوەی، دوای ئەوەی گەیشتمە (پێنجوێن) و ڕێکخستنەکانی (کاژیك) مان گرێدایەوە، من لێپرسراوی بووم. ئەو کاتە، لە ریزەکانی شۆڕشدا، بە نهێنیی کارماندەکرد، (پارتیی)ش نەبووین، بەڵام خۆمان بە پێشمەرگەی (بارزانیی) دەزانی!

ئەو ڕۆژەی بڕیاربوو، بڕۆین، شەهید (فەتاح)، هەموو پێشمەرگەکانی لە بارەگەی هێز لە دەڤەری (چوارباخ) کۆکردەوە. چەند قسەیەکی جوان و بەرزی بۆ کردین، لەسەر خۆڕاگریی، وربەرزیی، دڵسۆزیی و ئازایەتی ڕایدەهێناین. ئێستەش ئەو قسەیەم بیرناچێتەوە، کە وتی: گەر لە پێناوی ئەم خاك و گەلەدا، دژی دوژمنی داگیرکەر بجەنگێن و نەگەڕێنەوە، تەنیا هەر ئەو کاتە، (شەهادەی شەهیدیی) لە دایکی نیشتمان وەردەگرن!

**بەتالیۆنی چوار:**

بەتالیۆنی چوار، لە چوار لق پێکهاتبوو. سەرلقەکان ئەم بەڕێزانە بوون: (قادر قادر، حەمە ئەمین گوڵچین، مەهدی مەلا عەلی و ئەحەسوور ڕەباتی). کۆمەڵێ لێپرسراوی سەربازیی و سەرپەلی ئازاشمان لەگەڵ بوو، وەك: (شێخ برایمە شەلە، شەریفی خاڵە کانیساردیی، حەمەساڵح کانیساردیی، کەریم خواڕەحم، نوورەی مام برایم، سلێمانی قەساب، وریا براخاس، عەلی فەیمە، خەسرەوی حەمەی محە، نیهاد مەحموود ئەمین، حەسەنە ڕەش، تایەری حەمە مراد، ئەنوەری تۆفیق هەورامیی ...). ئەفسەر (نیزاری عەقید ئەمین) و چەن کادیرێکی دیکەی سەربازیی و کارگێڕییش، هەر لە بارەگەی بەتالیۆن بوون. (فوئاد یاسین) لێپرسراوی داراییی بەتالیۆن بوو. (قادری حاجی عەلی)ش، جێگری بوو. سێ برینپێچیشمان لەگەڵ بوو.

**ڕەوشی سەربازیی:**

لە ڕاستییدا، گوشارێکی زۆر لە سەر نێوچەی سەرکردایەتی هەبوو، هێرشەکانی دوژمنی داگیرکەر، زۆر دڕندانە بوون، دوژمن لە ئەرز و ئاسمانەوە پەلاماریدەدا و دەیویست، لە ماوەیەکی کەمدا، ئەو جەنگە بباتەوە و دەستی خۆبەدەستەوەدان، بە سەرکردایەتی شۆڕش بەرزکاتەوە. هێزەکانی ئەو نێوچانەش، بەرگەی ئەو هێرشە گەورە و شەڕە قورسانەیان نەدەگرت، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو، دوژمن هێرشی لەو جۆرەی بۆ ئەو نێوچانە نەکردبوو، پێشمەرگەکانیش شەڕی وا قورسیان نەدی بوو. بۆیە پێویستیان بە یارمەتیی هەبوو. بەتالیۆنەکەی ئێمەش لە هەموو (کوردستان)دا، یەکەمین بەتالیۆن بوو، بە دەنگ ئەو فەرمانەوە چوو. ئیدی دوای ئەوە، هەموو هێزەکانی نێوچەی (سۆران)، هێزیان نارد و بەشدارییان کرد. شەهید و بریندارێکی زۆر لەهەموو هێزەکان هەبوو. تا ئەو ڕۆژەی شۆڕشیش تێکچوو، بەتالیۆنی چوار هەر لە ئەوێ بوو، چونکە بۆ دووەمین جار، ڕەوانەی سەرەوە کرایەوە، بەڵام ئەو جارە، منیان لەگەڵ نەبووم و لە بارەگەی هێز، لەگەڵ شەهید (فەتاح) بووم.



وێنەی شەهید نووریی حەمە عەلی (١٩٤١ - ١٩٨١)

**گوشارێکی زۆر لە سەر نێوچەی سەرکردایەتی هەبوو، هێرشەکانی دوژمنی داگیرکەر، زۆر دڕندانە بوون، دوژمن لە ئەرز و ئاسمانەوە پەلاماریدەدا**

**ئازادیی:**

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٨/١٥)، سنوورمان بڕی و لە (ئازادیی) جێگیربووین. پێشمەرگەکان زۆر ماندووبوبون، لەبەرئەوە، لقەکان دابەشبوون و هەر لقەی لە شوێنێ لایاندا، تا کەمێ بحەوێنەوە. من و شەهید (نووریی)، لە ماڵی ڕەوانشاد (عومەری حەمە شەمەیی) میوانبووین. دوای حەوانەوە و نانخواردن، سەردانی لقەکانم کرد و پێم ڕاگەیاندن، نابێ، هیچ پێشمەرگەیەك خۆی ون بکا و دەبێ، لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و چاوەڕوانی فەرمان بن.

کاژێر هەشتی ئێوارە بوو، شەهید (نووریی) پێی وتم: بڕۆ، هەموو لقەکان لە بارەگەی بەتالیۆن کۆبکەرەوە و بڵێ، کۆبوونەوەمان هەیە و ئێوارە میوانمان دێ. بەڵام کەسمان نەماندەزانی، میوانەکان کێن..!

دوای ئەوەی لە چاوەڕوانیی بێزاربووین، لە نێوان کاژێری (١٠ – ١١)ی شەودا، چەند ترومبێلێ هاتن، هەردوو برا: خوالێخۆشبوو (ئیدریس بارزانیی) و کاك (مەسعوود بارزانیی)، لە سەر جادەکەی بەردەممان دابەزین، سەرلقەکان و شەهید (نووریی) بە پیریانەوە چوون. ئیدی سەرکەوتن و لەنێو پێشمەرگەکاندا وەستان. پەتۆیەکمان بۆ کاك (ئیدریس) ڕاخست و دانیشت. بەڵام کاك (مەسعوود)، لە پشتییەوە بە پێوە وەستابوو. هیچ قسەی نەدەکرد. ئەز ئەوە یەکەمین جاربوو، کاك (مەسعوود) ببینم، زۆر گەنج و لەسەرخۆ دیاربوو. بەڵام کاك (ئیدریس)م جارێکی دیکە، لە (بەغدا) لە ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی) بینیبوو.

پێشمەرگەکان دەوریان دابوون، زۆر بە وردیی و کوڵ ودڵەوە، لێیان وردەبوونەوە و گوێ قوڵاغبووبوون. بە ئەوەش زۆر دڵخۆشبوون، کە هەردوو بەڕێزان کاك ئیدریس و کاك مسعود سەردانیان کردوون.

پێشمەرگەکان دەوریان دابوون، زۆر بە وردیی و کوڵ ودڵەوە، لێیان وردەبوونەوە و گوێ قوڵاغبووبوون. بە ئەوەش زۆر دڵخۆشبوون، کە هەردوو بەڕێزان کاك ئیدریس و کاك مسعود سەردانیان کردوون

دوای ئەوەی کاك (ئیدریس)، بە شێوەیەکی زۆر جوان و بە زمانێکی ڕەوان، بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، دەستی بە قسەکردن کرد و وتی: هێرشێکی زۆر گەورە و بەرفراوان، لە (کوردستان) بە گشتیی، نێوچەی سەرکردایەتی بە تایبەتیی دەسپێکردووە و هێندێ شوێنی ستراتیجیشیان داگیرکردووە. دوژمن دەیەوێ، ئەم نێوچەیە داگیربکات، سەرکردایەتی دەرپەڕێنێ و کۆتایی بە شۆڕشەکەشمان بێنێ. بەڵام نازانن، شۆڕش پێشمەرگەی وەك ئێوەی هەبێ، هەرگیز ناتوانێ، ئامانجە گڵاوەکانی بەدیبێنێ. ئەی کوڕانی (سولەیمانیی)، ئەی بێچووە شێرانی کورد، ئەوە لەشکرەکەی لیوای بیستە، کە ڕۆژی (مەنع ئەلتەجەول)ەکەی ساڵی (١٩٦٣)، خەڵکێکی زۆری لێ شەهیدکردن، هەڵە و بۆتان هەڵکەوتووە، تۆڵەی خۆتانیانی لێ بسەننەوە. ئێمە دەمانەوێ، هەر ئەمشەو بەڕێبکەون و بە بۆنەی یادی بیستوهەشتەمین ساڵەی دامەزراندنی (پارتی) مانەوە، خاکی (کوردستان) لەو لەشکرە داگیرکەرە پاککەنەوە و ئەو شوێنانەی گرتوویانە، لێیان بسەننەوە.

هێندەی بیرم مابێ، ئەوە کورتەی قسەکانی بوو. پاشان بە دەم هاڕەی چەپڵەڕێزان و هوتافکێشانەوە، زۆر بە جوانیی بەڕێکران. شەهید (نووریی) وتی: قسەکانی کاك (ئیدریس) چۆن بوو؟ وتم: گەر پێشمەرگە بۆ شەڕ بنێری و بتەوێ، شەڕت بۆ بکا، قسە لە ئەوە باشتر ناکرێ. کەچیی پێکەنی و هیچی نەوت!

**هاودیان:**

کاژێر دوازدەی شەو بوو، ترومبیل و پێداویستییمان بۆ هات. بە ئەو هەموو ماندوویییەوە، یەك شەومان لە (ئازادیی) ڕۆژ نەکردەوە. نزیکەی یەکی شەو بوو، سواربووین و بەرەو جێیەکی نادیار بە ڕێکەوتین. ڕێگەکە زۆر سەخت و تاریك بوو. ئێمە، جێبێکی پچووکمان پێ بوو، لە پێشەنگی کاروانەکەدا بووین. (من، شەهید نووریی، نیهاد و عەلی فەیمە)، پێکەوە سواربووبووین. بەیانیی هێشتا تاریك و ڕوون بوو، گەیشتینە گوندی (هاودیان). گوندەکە چۆڵبوو، یەك دوو پیاوی پیر نەبێ، کەسی دیکەی لێ نەدەبینرا. پێشمەرگەکان دابەزین، ماندوو و خەواڵووبوون، بە پەلە، بەرەو حەوزی مزگەوتەکە ڕۆیشتن، تا دەموچاویان بشۆن. هێشتا کەس فریای هیچ نەکەوتبوو، وەك خەبەریان لێ دابێن، دوو فڕۆکەی (میك) گەیشتنە سەرمان و گوللە بارانیانکردین. خەڵکەکە هەمووی شڵەژابوو، هێزی بەرگریی دژە ئاسمانیشی لێ نەبوو، تا فڕۆکەکان ڕاونێن. لەبەرئەوە، بە ئارەزووی دڵی خۆیان، تێمان بەربوون و تەقەیان لێ دەکردین. هێندێ پێشمەرگە برینداربوون، هێندێکی دیکەش شەهیدبوون. زۆربەشیان گوندەکەیان چۆڵکردبوو و ڕووەو چیاکە هەڵاتبوون. پاشان، ماوەیە دەنگی فڕۆکە نەما، خێرا بریندار و شەهیدەکانمان کۆکردەوە. هێشتا تەقەمان نەکردبوو، حەوت شەهید و شازدە بریندارمان هەبوو. لە نێو برینداراکاندا (شوانی عوسمان فایەق)ی هاوڕێمی تێدا بوو، گوللەیەك بەر ڕانی کەوتبوو.

شەهید (نووریی)، وەك سەرکردەیەکی سەربازیی هەڵسوکەوتی دەکرد، زۆر تووڕەبووبوو، هەر دەیقیژاند و هاواریدەکرد، بانگی پێشمەرگەکانی دەکرد، تا



وێنەی شەهیدی سەرکردە فەتاح موحەممەد ئەمین فەرماندەی هێزی خەبات ( ١٩٤٠ – ١٨/١٧. ١١. ١٩٨٠)



کۆبنەوە و بۆ شوێنی مەبەست بەڕێکەون. بە منی وت: پاچ و خاکەناز پەیداکە، با شەهیدەکان بنێژین. منیش وتم: با لێرە نەیاننێژین، بۆ ورەی پێشمەرگە باش نییە، ترۆمبیلمان زۆرە، لەگەڵ بریندارەکان ڕەوانەی سەرکردایەتییان دەکەین، با ئەوان خۆیان بڕیاربدەن، گەر لە ئەوێ بیاننێژن، یا بۆ (پێنجوێن) بیانێرنەوە. وتی: باشە. دواییش بیستمەوە، سەرکردایەتی هەموو شەهیدەکانی ناردبووەوە.

ئیدی بەو شێوەیە، تا ئەو کارانەمان جێبەجێکرد، بریندار و شەهیدەکانم ڕەوانەکرد، وردەوردە پێشمەرگەکان کۆبوونەوە و شەهید (نووریی)ش، لەگەڵ سەرلقەکاندا کۆبووەوە، کارەکانیان دابەشکرد و پلانێکی سەربازیی باشیان دانا، شارەزایەکیشیان لەگەڵ بوو، ڕێی پیشاندەدان، ئینجا زانیم، هێزەکەمان هاتووە، ئەو ڕیزە ڕەبایەی سەر چیای (گۆڕەز) بگرێ و چیاکەش ڕزگاربکات.

بەڵام شەهید (نووریی) نەیهێشت، ئێمە لەگەڵی بچین و وتی: بارەگەی بەتالیۆن لە قەراغ گوندەکە دانێ، گەر ماینەوە، ئاو و نانمان بۆ بنێرە، پێشوازیی لە بریندار و شەهیدەکان بکە، با سێ برینپێچەکەش هەر لێرە بن. من و شەهید (ئەنوەری تۆفیق هەورامیی) و پێشمەرگەیەکی دیکە ماینەوە. بەڵام سێ برینپێچەکە نەدۆزرانەوە، هێندە ترسابوون، فریشکیان کەوتبوو، یەکسەر هەڵاتبوون و نەگەڕانەوە. بێ پرس ئێمەیان بەجێهێشت، بێ ئەوەی یەک بریندار دەرمانبکەن. بەڵام دەڵێی چی، خۆ لێپرسینەوە نەبوو، ئەگینا بەلانی کەمەوە دەبووایە، دەرکرانایە. سەیر ئەوەبوو، یەکێکیان زۆر هاوڕێی شەهید (نووریی)ش بوو، کەچیی بەجێیهێشت!

**هەڵکەوتی نێوچەکە:**

گوندی (هاودیان)، لە دامێنی چیایەکی درێژی بەرزی بەردیندا هەڵکەوتبوو، ناوی چیای (گۆڕەز) بوو. لووتکەی چیاکە هێندە بەرزبوو، لەگەڵ شینایی ئاسماندا شەڕیدەکرد. لەسەر لووتکەکەی، چەن ڕەبایەیەکی قایمی لێ بوو. هێندە بەرزبوو، لە هەموو شتێ دابڕابوون، تەنانەت بە فڕۆکەی هێلیکۆپتەر، خواردن و ئاویان بۆ دەچوو. بەهەر چوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی، لەبەرئەوە، بە سەر ڕێ و بانەکانی ئەو نێوچەیەدا زاڵبوو، لە ڕووی سەربازییەوە، بایەخێکی گەورەی ستراتیژیی هەبوو. هەمووی پێش چەند ڕۆژێکیش بوو، هێلیکۆپتەر هێزێکی سەربازیی دابەزاندبوو و داگیریکردبوو.

**گەشتی فڕۆکەکان:**

ماڵاواییم لە پێشمەرگەکان کرد، چاوم لێ بوو، چۆن بەو شاخە سەختەدا هەڵدەگەڕان. هەر هێندەمان خۆشبوو، ئەوان ڕۆیشتن و لە چاو ونبوون، ئیدی جارێکی دیکە فڕۆکەکان گەڕانەوە،

**ئیدریس بارزانی پێی گووتین هەر ئەمشەو بەڕێبکەون و بە بۆنەی یادی بیستوهەشتەمین ساڵەی دامەزراندنی (پارتی)مانەوە، خاکی (کوردستان) لەو لەشکرە داگیرکەرە پاککەنەوە و ئەو شوێنانەی گرتوویانە، لێیان بسەننەوە**

ئاخر ئێمە گوناهمان چییە؟ ئەوان هاتوون و وڵاتی ئێمەیان داگیرکردووە. خوایە سەریانخەیت، شەهید و بریندارمان کەمبێ.
نزیکی نیوەشەو بوو، وردەوردە، دەنگی تەقە کزبوو و نەما. زۆری نەبرد، پێشمەرگەکان بە کۆڵ، بریندار و شەهیدەکانیان دەهێنایە خوارەوە. لە پیاوێکی پیری خەڵکی گوندەکەم پرسی، ئایا لەم ناوە، بارەگەی پێشمەرگە، یا برینپێچ هەیە؟ وتی: لە سەروو گوندەکەوە، ئەشکەوتێ هەیە، چەند پێشمەرگە و برینپێچێکی بەتالیۆنەکەی (مەلائەمین)ی لێ هەیە. بە پەلە ڕامکرد و سێ کەسی لێ بوو، داوام لێ کردن، گەر برینپێچیان هەبێ، زۆر پێویستمانە و بریندارێکی زۆرمان هەیە. هەر دەسبەجێ، یەکێکیان هەستا، ماڵی ئاوابێ، جانتاکەی هەڵگرت و پێشمکەوت. تا گەیشتینەوە، بریندار و شەهیدەکانیان ڕیزکردبوو. برینپێچ هەر خێرا، دەسی بە کاری خۆی کرد، ئەوەی پێی کرا، بە زیادەوە کردی. یەکێ لە بریندارەکان، کاك (سولەیمانی قەساب) بوو، کاك (وریا براخاس) ڕزگاری کرد و بە کۆڵ هێنایە خوارەوە، کە هەردووکیان جگە لەوەی هاوڕێم بوون، هاوبیری (کاژیك)یش بوون. گوللەیەك لە دەمی دابوو، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو. کەچیی بەو بارەشەوە، هەر دەیقیڕان و جنێوی بە برینپێچە هەڵاتووەکان دەدا. هەروەها (نیهاد)ی هاوڕێشم گوللەیەك لە ڕانی دابوو. یەکێ لەو شەهیدە نەمرانەش، سەرلق (حەمەئەمینی گوڵچین) بوو، داخ و کەسەرێکی زۆری بۆ بەجێهێشتین، چونکە پیاوێکی زۆر بەڕێز و ئازابوو، ناخۆشییەکەشی پتر ئەوەبوو، پێش ئەوەی سەرکەون و شەڕ دەسپێبکەن، لەگەڵ شەهید (نووریی)دا دەنگەدەنگێکیان بوو، بە زویریی ڕۆی و نەگەڕایەوە. هەروەها (حەسەنە ڕەش)ی پورزای کاك (نیزار)یش شەهید بوو. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدە و شەهیدەکانی دیکەشدا، هەر لە سەرەوە، چەند سەربازێکیان گوللەبارانکردبوو. ئیدی هەر لە بەرەوە، هەموو شەهید و بریندارەکانمان ڕەوانەکرد.



**گۆڕەز لە ڕووی سەربازییەوە، بایەخێکی گەورەی ستراتیژیی هەبوو. هەمووی پێش چەند ڕۆژێکیش بوو، بەچەند هێلیکۆپتەری هێزێکی سەربازیی دابەزاندبوو و داگیریکردبوو**

**ئەنجامی کار:**

ئەنجامی ئەو شەڕە ئەوە بوو، هەموو ڕەبایەکان گیران. چەکێکی زۆرمان دەسکەوت. زۆربەی هەرە زۆری سەربازەکانیش، لە شەڕدا کوژران. چەند دانەیەکیشیان، خۆیان بەدەسەوە نەدابوو، تا دوا فیشەك شەڕیان کردبوو، پاشان بە دەم بژی (بەعس)ەوە، لە شاخەکەوە خۆیان هەڵدابووە خوارەوە. تەنیا یەك سەرباز بە ساغیی دەرچوو، ئەویش گەنجێکی ڕیوەڵەی چکۆلانەی ڕەشتاڵە بوو، هەر دەپاڕایەوە و هیچیان لێ نەکرد. هێندەی بیرم مابێ،ئێمەیش (١٦) شەهید و (٤٣) بریندارمان هەبوو.



**گەڕانەوە:**

نزیکەی بەرەبەیان بوو، شەهید (نووریی) و هێزێکی زۆر دابەزین. هەموویان ماندووبوون، هەموو جەستەیان لە تۆز و ئارەقەدا نقووم بووبوو. دوای ئەوەی بەخێرهاتنەوەم لێ کردن و چامان بۆ ئامادەکردن.

شەهید (نووریی) وتی: قسەمان لەگەڵ سەرکردایەتی کردووە، بەیانیی زوو، لە هێزی (زمناکۆ)وە، بەتالیۆنەکەی (هاواری نووریی حەلاو) دێ. ئەوان بەرەکەمان لێ وەردەگرن و ئێمەش، بە ترومبیلەکانی ئەوان دەگەڕێینەوە. ئیدی ئەوەی مابووەوە، لە شەکر و چا و نان، بۆ پیشمەرگە و ئەو چەند کەسەی لە گوندەکە مابوون، بەجێمانهێشت و بەرەو (ئازادیی) گەڕاینەوە. ماوەیەپشووماندا، دوایی بەرەو (ئاکۆیان، گەرەوانان و گەرووی مێگر) بەڕێیانکردین. نزیکەی مانگێکیش لە ئەوێ بووین، پاشان گەڕاینەوە. دواتریش بۆ (گەرووی هۆمەرئاغا)یان ناردین. بە هەمووی، ماوەی سێ مانگ لە ئەو ناوەماینەوە. داخم ناچێ، ئەو هەموو قوربانییەمان دا، کەچیی لە دواییدا، هێزەکانی (بەعس) چیای (گۆڕەز)یان گرتەوە و گەلێ پێشمەرگەی قارەمانی دیکەی وەك (هاواری نووریی حەلاو)یش شەهیدبوون.



وێنەی شەهید حەمەئەمین گوڵچین (١٩٣٩ - ١٩٧٤)

ئەنجامی ئەو شەڕە ئەوە بوو، هەموو ڕەبایەکان گیران. چەکێکی زۆرمان دەسکەوت. زۆربەی هەرە زۆری سەربازەکانیش، لە شەڕدا کوژران

**دوا وتە:**

ئەورۆ، (٣٦) ساڵی ڕەبەق، بەسەر ئەو یادە پڕ شکۆمەندەدا تێپەڕدەبێ. لە لایەکەوە، خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم، بەشدارییم لەو نەبەردە گەورەیەدا کردووە و ئەرکێکی پچووکی سەر شانی خۆم، بەرانبەر بە گەلەکەم جێبەجێ کردووە. ئەوەش یەکێ لەو خەباتە سەختە بوو، کە لە ماوەی ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتیمدا کردوومە. بۆیە تا دوا هەناسەی ژیانم، هەر لە یادەوەریی و ویژدانمدا دەژی و شانازیشی پێوە دەکەم. لە لایەکی دیکەشەوە، داستانێکی هێندە قارەمانانە بوو، هیچی لە داستانی چیای (هەندرێن) کەمتر نەبوو، بۆیە دەبێ، تا کورد ماوە، شانازیی پێوە بکا. لە کۆتاییشدا، هەر ئەوە ماوە، بڵێم: هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەو داستانە قارەمانانەیە و گشت شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی کورد و (کوردستان) بێ، یاد و یادگاریان هەر زیندووبێ. تکاش لە هەموو ئەو برایانەی لەو داستانەدا بەشداربوون و لە ژیاندا ماون، گەر شتێ ماوە و باسم نەکردووە، یا بینووسن، یا بە ئیمێڵ ئاگادارم بکەنەوە.

*** نووسەر و مامۆستای زانکۆ**
**azizhus@yahoo.se**



**خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم، بەشداریيم لەو نەبەردە گەورەیەدا کردووە و ئەرکێکی پچووکی سەر شانی خۆم، بەرانبەر بە گەلەکەم جێبەجێ کردووە**

# کۆنگرەی داهاتووی پارتی
# چ وەڵامێک دەداتەوە؟



**ئاسۆ کەریم**

> **پارتی لە قۆناغێکدا تاکە حزب بووبێت، ئێستاکە لە کوردستاندا بە تەنیا نییە**

پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان لەم بەشەی کوردســـتاندا دێرینترین حزبە درێژەی بەخەبات دابێت. لەسەر ئاستی کوردستانیشـــدا دووەم حزبە پاش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران...

پارتی لـــە ٦٤ ســـاڵی رابردوویدا، یـــان ئەوەتا ســـەرقافڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیـــی کورد بووە، یان بەشـــێکی ســـەرەکی و بنەڕەتیی ئـــەو بزاڤە بووە. پارتی لە ســـەمت و ئامانجەکانی خۆیدا نەلەو بزاڤە دابڕاوە، نەلێشی دواکەوتووە. ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە، ئامانجەکانی پارتی بوون. ئامانجـــی ســـەرەکی و دوورمەودای ئەو بزاڤەش، رزگاربوونـــی نەتەوەیی بووە، رزگاربوونـــی خاك و نەتەوە بووە لەپێوەلکاندنـــی بەزۆر و باڵادەســـتیی نەتەوەی بە ژمـــارە زۆرینە (عەرەب) لە عێراقدا. ناوەڕۆکی ئەو ئامانجەش، هەمیشـــە ناوەڕۆکێکی دیموکراتی و گەلێری بـــووە. بەگوێرەی قۆناخیش، پارتـــی ســـتراتیژ و تاکتیکـــی بـــۆ دارشتووە. بەکورتی پارتی بۆ گەیشتن بـــەو ئامانجـــە ســـەرەکییە، هەموو شێوازێکی خەباتی تاقیکردۆتەوە تا بە رۆژی ئەمرۆ دەگات کە بەشدارێکی ســـەرەکی و بنەڕەتییە لە بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمەی کە ئێســـتا بە هەرێمی کوردستان ناسراوە.

**پارتـــی لـــەو رابردووەیـــدا چەنـــد ســـیفەتێکی لەخـــۆدا کۆکردبۆوە یان کۆکردۆتەوە:**

یەکـــەم: حزبێکی مێژووکـــردە، بەو مانایەی کە پێویســـتیی مێژوویینەی رزگاریی کـــورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر کـــە مافی چارەی خۆنووســـینی هەیە، دروســـتیکردووە. بەو مانایە کە دەبوایە حزبێك بۆ سەرکێشیکردنی ئەو بزاڤە بێتە گۆڕێ. ئەوەش ســـۆنگەی بەردەوامبوونی پارتی بووە.

دووەم: وەك تەواوکـــەری ئـــەو مێژووکردە، تا نســـکۆی ١٩٧٥، تاکە حزبێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بووە لە عێراقدا. هەڵبەت ئێستا بەتەنیا ئەوە کافی نییەو ئەرکی تر هاتوونەتە پێشەوە.

سێیەم: حزبێکی گەلێری «جەماوەری-میللی» بووە و تایبەت نەبووە بەچین و دەســـتەو توێژێکی کۆمەڵایەتیوئەم سیفەتەتائێستاشبەپارتییەوە دیارە

چوارەم: پارتی کە پەنای بۆ چەك و بەرەنگاربوونـــەوە بردووە، ســـوچی حکوومەتەکانی عێـــراق بووە کە هیچ رێگـــەو دەرفەتێکی ئاشـــتییانەیان لە بەرانبـــەر گەلەکەماندا نەهێشـــتبۆوە. چونکە کـــورد لەســـەر هـــەق بووەو کێشەیەکی رەوای هەبووە، پارتی وەکو حـــزب مەیدانداری کردووەو سازشـــی لەسەر مافە رەواکان پێ قبوڵ نەکراوە.

پێنجـــەم: پارتی ئەگەر لە دیرۆکی خۆشـــیدا هەوڵی دابێت پێـــڕەوی لە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو بکات (کە لە هەندێ قۆناخدا کردوویەتی) جگە لە ناسیۆنالیزم، بەبڕوای من زێتر لەژێر فشـــاری رووداو و ململانێیەکان و بۆ لاساییکردنەوەی سیمای سەردەم بووە، هەر لەســـۆنگەی ئەمەشەوەیە دەوترێ کە پارتی حزبێکی ئایدیۆلۆجیی نییە، ئەگەر ناســـیۆنالیزم بـــە ئایدیۆلۆجیا دانەنرێت!

شەشـــەم :پارتی بە دەستپێشکەریی بارزانیی نەمر دروست بووە. ئیدی پارتی لە دامەزرانییەوە لەگەڵ بنەماڵەیەکی نەتەوەپەروەری تەریقەتی نەقشـــبەندی کە بنەماڵەی بارزانییە ئاوێتە بووە. ئەو ئاوێتەبوونە هێزێکی دیکەی بە پارتی داوە. سوکانی رابەرایەتی پارتی بەدەست ئەم بنەماڵەیەوەیەو حاڵی حازر سەرۆك مســـعود بارزانی رابەرایەتی دەکات، بەگشتی چەند ســـەرکەوتوو بوون لەو رابەرایەتیەدا با مێژوونووسان بەئینساف و بەبەڵگەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. دیارە ئەم بنەماڵەیە هەر لە ســـەردەمی شێخ عەبدولســـەلامەوە تا دەگاتە شێخ ئەحمـــەدو دواتر مەلا مســـتەفا لەناو ئـــەو خەتە نەتەوەییـــە بەرەنگاریخوازو رزگاریخوازەدا جێـــی خۆیان کردۆتەوە و بەردەوامییـــان بەخۆیـــان داوە کە لە شـــێخی نەهرییەوە دەســـت پێدەکات تا شێخ مەحموودی نەمر و شێخ سەعیدی پیران و پێشەوا قازی محەمەد و مۆرکی خۆیان بـــە بزووتنەوەی کوردەوە ناوە... پاشـــان دەبێت ئەوەش بەبیـــر بهێنینەوە پارتی لە ســـەردەمێکدا دروست بووە، کە سەردەمی ســـەرکردەی شۆرشگێرو کاریزمـــا بووە. ئەوە بـــە هەموو حزبە

نەتەوەیی و کۆمۆنیستەکانی ئەودەمەوە دیار بوون، حزبی کۆنگرەی هیندستان بە نموونە...

ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی پارتی لە کوردەواری بەتایبەتی و رۆحی رۆژهەڵات بەگشتی نزیکن و لە سەرکردایەتی و بنیات و رەوتاری سیاسی و پێوەندییەکانی پارتیشدا رەنگیان داوەتەوەو هاوشێوەی پارتیش لە دنیای رۆژهەڵاتدا وەکو وتم هەیە.

پارتی لەو مێژووەی خۆیدا، هەورازو نشێوی بەخۆوە دیوە. کۆسپ و تەگەرەی زۆری هاتۆتە رێ. خەڵکی لێ جیابۆتەوەو خەڵکی تریشی هاتۆتە ریز. کزو لاواز بووەو پاشان خورت و بەهێز بۆتەوە. بێشك هەمیشە لە بۆچوون و خوێندنەوەکانیدا راست نەبووە، بەڵکە وەکو هەر حزبێکی تری کارا هەڵەی کردووە، سەرچیغ چووەو تووشی نسکۆش بووە، لێ بەردەوام بووەو بەخۆی داچۆتەوە و خۆی لەگەڵ پەرەسەندن و قۆناخەکاندا گونجاندووەو جێگەی جارانی خۆی گرتۆتەوە. بەکورتی حزبێکی بەرپرس بووە بەو مانایەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی ئەگەر سەرکەوتنێکی بەدەستهێنابێت، بەتەنێ بەهی خۆی نەزانیوەو ئەگەر بزاڤەکەش ژێر کەوتبێ و تووشی نەهامەتی و نسکۆ هاتبێت، ئەوا خۆی لێ نەدزیوەتەوەو شانی داوەتەوە بەرێ و بێ ئومێد نەبووەو تێهەڵچۆتەوە...

پارتی ئەگەر لە زەمەن و قۆناخێکیشدا تاکە حزب بووبێت، ئەوە ئێستاکە لە کوردستاندا بەتەنیا نییە. لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ و لەسەردەمی خەباتی شاخەوە، فرە حزبی پەیدابووە. لە دوای راپەرینیشەوە ئەو فرە حزبییە بە قانوون رێکخراوەو لە ژیانی سیاسیی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. ئەوەتا وەك بەڵگە پەرلەمانێکی فرە حزب، فرە نەتەوە و فرە ئایین-مان هەیە. دیارە حکوومەتیش هەروا. بەڵام دیسان پارتی وەکو حزبێکی سەرەکی و بنەڕەتی جێگەی دیاری خۆی هەیەو بەهاوپەیمانێتیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەرێمەکە بەڕێوەدەبات. ئەوەتا سەرۆکی پارتی مسعود بارزانی لەهەمانکاتدا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانیشە. لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا فراکسیۆنی پارتی لەناو هاوپەیمانیی کوردستانی و لەناو فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکانیشدا، فراکسیۆنی بە ژمارە هەرە گەورەی کوردستانەو لەناو عێراق و دەوروبەریشدا حیساب بۆ بۆچوونەکانی پارتی و سەرۆکی کوردستان دەکرێت، ئەوەم بۆ هەڵکێشانی پارتی نییە، تەنیا بۆ ئاماژەپێکردن و خستنەبەرچاوە...بێ لەوە پارتی لەبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانیشدا، بەهەموو حیسابێك نا سەرکەوتوو نەبووە. ئەگەر هیچ بە پارتی و هاوپەیمانەکەی کە یەکێتییە نەکرابێت، ئەوە بەلانی کەمەوە توانیویانە لەم (١٠) ساڵەی دواییدا هەرێمێکی تا رادەیەك جێگیر لە رووی سیاسی و تەناهی و ئاسایشەوە چێبکەن و لە رووی ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەشەوە چەند مەنزڵێك ببڕن و پێوەندیی لەگەڵ وڵاتاندا بۆ دروست بکەن و بەم قۆناخەی بگەیەنن.. ئەوە رووە پۆزەتیڤەکەیە کە ناکرێ نەخرێتەوە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەو رووەدا، رووێکی نێگەتیڤیش هەیە: کەس ناکارێ نکوڵی لە گەندەڵی بکات بەهەموو ئاقارو رەهەندەکانیەوە. ئافاتێکە لەگەڵ ئەو بووژانەوەیەی کە کوردستان بەخۆیەوەی دیوەو دەبینێت، ئەویش پێ بەپێ لەگەڵیدا گەورە بووەو (خاص و عام) قسەی لێدەکات. هاوتەریب خەریکە دەستەو توێژێکی مشەخۆری قەبەی بیروکراتیی لێ پەیدا دەبێت کە هێشتا لەباری خۆدروستکردندایەو خەسڵەت و سیما تایبەتییەکانی باش دەرنەکەوتوون. تۆ بڵێی ئەمە قانوونی نەشوونماکردن بێت لە وڵاتانی روو لە پەرەستاندن! و نەکرێت خۆی لێ لا بدرێت. هێشتا بەجیدیش بەرنامەو پلانێکی روون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو «ئافات و دەردە کوشندەیە» لەگۆڕێدا نییە. لە ئەنجامی ئەو دەردەشدا، کەلێن و درزی کۆمەڵایەتی کە پێشتریش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تر هەبووە، گەورەترو بەرینتر بووە. جاروبار وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر ئەو درزە گەورەو ناعەدالەتییە، گرژیی کۆمەڵایەتی و دواتر سیاسیشی بەدواداهاتووە...ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش کەڵکی لەم درزە وەرگرتووەو ئەگەر بیرێکی جیددی لێ نەکرێتەوە باشتری دەقۆزێتەوە.

بەکورتی ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی لێك دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر هەندێ هۆکاری لێکنزیکەوتنەوەی وەك کێشەی کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکان و تەحەددییاتی دەرەکی تر نەبن، ئەوا کوردستان بەئاقارێکی تردا دەکەوت. هیوادارم ئەو بابەتە یەکێ بێت لەو بابەتانەی کە قسەی زیاترو لێکۆڵینەوەی وردو پشتئەستوور بە داتاو زانیاری لەسەر بکرێت بەتایبەتی کە پارتی بەرەو کۆنگرەبەستن، زەوینەسازی دەکات...

بەشێکی ئەو ئامانجانەی کە پارتی لەپێناویاندا دروستبووە، هاتوونەتەدی. هاوکات ئەرك و ئامانجی تریش هاتوونەتە پێشەوە بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی و دیموکراتیدا... بەمانایەکی تر، ئەگەر هێشتا رزگاری نەتەوەیی، کۆڵەگەیەك بێت بۆ بەردەوامبوونی پارتی، ئەوا داخوازیی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتوونەتە پێشەوە کە هیچیان کەمتر نییە لە ئەرکە نەتەوەییەکەو تەنانەت بەبێ ئەو داخوازییانە رزگاریی نەتەوەیی مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، یان ناوەڕۆکێکی بەتاڵ و بۆشی دەبێت. ئاخر پارتی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە زێتر بۆ ئێستاو داهاتوو دەست دەدات و لەگەڵ ئەرك و داخوازییەکاندا رێك دێتەوە.. ئەوە لەسەر هەموو ئاستەکاندا چ لە پارتی دەخوازێ؟ دەبێت کۆنگرە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە..

**پارتی حزبێکی مێژووکردە، پێویستێتی مێژووینەی رزگاریی کورد وەک نەتەوەیەک کە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، دروستیکردووە**

### بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق یان پێکنەهاتنی

# ئەمریکا مکوورە بەشێک لە هێزەکانی تا کۆتایی ئاب بکێشێتەوە

هەموو هەوڵی ئیدارەی ئۆباما بۆ ئەوەبوو پێش کۆتایی ئەم مانگە لایەنەعێراقییەکان بگەنە رێککەوتن و حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن، بەڵام وا چووینە نیوەی دووەمی مانگی ئاب و هێشتا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەر لە جێگەی خۆیەتی و بەرەو پێشەوەچوونێکی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، لەهەمانکاتدا هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، توندوتیژی و خۆتەقاندنەوە و کاری تیرۆریستی رووڵەهەڵکشانە و ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەترسییەکە و هەرەشە لە داهاتووی پرۆسە سیاسیەکە دەکات، هەر بۆیە چاودێران پێیان وایە ئێستا گەورەترین کێشە لە عێراق پرۆسە سیاسییەکە خۆیەتی. ئەگەر بێت و پرۆسەکە بەشێوەیەکی دروست بەرێوەبچێت، ئەو کاتە دەتوانرێت بەردەوام بین لە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانمان لە عێراق، تەنانەت دەتوانین بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەمریکا دەست بە کشانەوەی هێزەکانی بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەگەر بێت و پرۆسەکە بەشێوەیەکی خراپ بەرێوەبچێت، ئەو کاتە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە وڵاتەکە بۆ شەڕی ناوخۆیی دەگەرێنێتەوە و ئەو کاتە بارەکە پێویستیی بە هێزی زیاتر دەبێت بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی پێکدادان و شەڕی ناوخۆیی. هەر بۆیە، گەورەترین کێشە پرۆسە سیاسییەکەیە و ترسی ئەوە هەیە تاکو ئەو کاتە پرۆسەی سیاسی عێراق بە پێی پێویست سەقامگیر و پێگەیشتوو نەبێت و نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کشانەوەیەکی تەواو بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکرێت.بەڵام ئەم حاڵەتە لای عێراقییەکان ئاشکرایە و هەموو لەو بڕوایەدان دوای کشانەوەی بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکای ناو عێراق بۆشاییەك لە وڵاتتدا دروست دەبێت و لەوانەیە ئەگەر پرۆسە سیاسیەکە هەر بەمجۆرە بمێنێتەوە ئاستی توندوتیژی بە جۆرێکی دیکە سەر هەڵبداتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە عێراقییەکان خۆیان هەست بەم مەترسیە دەکەن، ئایا بۆچی تێکڕای لایەنە سیاسیە عەرەبەکانی عێراق مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان لە عێراق کردۆتە دروشم و هەر لایەك موزایەدەی سیاسیی بەسەر ئەوی دیکەدا پێدەکات؟ بێگومان پسپۆران و چاودێرانی باردۆخی عێراق هۆکاری ئەم مەسەلەیە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئاستی پێگەیشتوویی سیاسیی لەنێو سەرکردە عەرەبەکانی عێراقدا بەو شێوازە پێگەیوو نییە تا بتوانن دەوڵەت بەرێوەبەرن، ئەوا زۆر مەسەلەی هەستیار و چارەنووسساز بە ئایندەی وڵاتەکە دەکەن بەقوربانی ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان، ئێستاش باش دەزانن کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ بۆشاییەك لە دروست دەکات، بەڵام لەبەر رای گشتی شەقامی سیاسیی عەرەبی عێراق ناتوانن بانگێشەی ئەوە بکەن و ئومێدی ئەوە دەخوازن ئیدارەی ئەمریکا دەست پێشخەری ئەوە بکات وکشانەوەی هێزەکانی دوابخات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمجارە ئیدارەی ئەمریکا نایەوێت کێشەی زیاتر بۆ خۆی دروست بکات، دەیەوێت عێراقیەکان خۆیان داوای ئەوە لە ئیدارەی ئەمریکا بکەن کە هێزەکانی لە عێراقدا بهێڵێتەوە، ئەم حاڵەتە تائێستا زەمینەیەکی ئەوتۆی بۆ نەرەخساوە و زۆرێك لە چاودێرانیش پێیان وایە ئەگەر خودی عێراقیەکان دوا لە ئەمریکیەکان بکەن کشانەوەی هێزەکانی دوابخات، ئەوا ئەمریکا ئامادەدەبێت لەسەر ئەم پرسە وتووێژ لەگەڵ عێراقیەکان بکات و چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا



هەفتەی رابردوو بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق راشکاوانە بە هەموو میدیاکانی جیهانی راگەیاند کە تا ساڵی ٢٠٢٠ هێزەکانی سوپای عێراق ئەو توانایەیان نابێت بەتەنها ئاسایشی وڵات رابگرن، ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق تارادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی هەبوو رای گشتی جیهانی هەڵوەستەی لەسەر کرد و لە لێدوانەکانی وتەبێژی حکومەتی عێراقیان بە ماقووڵتر زانی، هەر بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت لێدوانی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بدرێت و چیدیکە راستیەکان نەکرێنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسیی ئەم لایەن یان ئەو لایەن، سەبارەت بە بارۆدخی ئێستای عێراق و توانای سوپای عێراق بۆ راگرتنی سەقامگیری عێراق بۆ ئەم راپۆرتە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر تۆماس ئۆدۆنێل ئوستادی پێوەندیە نێو دەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیۆیۆرك و تایبەتمەند لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق کرد، بەمجۆرە رای خۆی سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق خستە روو وتی: ((بارودۆخی عێراق جۆرە دژیەکییەك لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی لەلایەك بەرەوپێشچوون بەدی دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە لە ڕووی سیاسییەوە دۆخەکە بە بنبەست گەیشتووە. من دەڵێم وڵاتەکە دەرفەتێکی باشی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو و بەهۆی داهاتی نەوتەوە ئابووری وڵاتەکە ببووژێتەوە، بەڵام کێشەکە لە ڕووی سیاسیەوە ئەوەیە کە پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا ناتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت. من پێم وایە ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە لە دوای ئەو هەڵبژاردنە دیموکراتیەی ئەنجامدرا، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت ئەوەندە دواکەوت، من باوەڕم وایە تاوەکو ئەم پرۆسەیە دوابکەوێت ئەوا خەڵکی پتر بێ متمانە دەبن بە یەکێتی نیشتیمانی عێراق و ئەو کاتە پەنا بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییە ئیتنی و تائیفیەکان دەبەن. بە دڵنیاییەوە کوردستانیش بە چەشنی بەشەکانی دیکەی عێراق کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەیە و هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەگەر حکومەت پێکنەهێنرێت ئەوا خەڵکی پەنا بۆ دەستگرتن بە ناسنامە ئیتنی و تائیفیەکانی خۆیان دەبەن و ئەمەش لە مەودای دووردا عێراق بەرەو لاوازبوون دەبات. هەروەها ئەگەر حکومەت پێکنەهێنرێت ئەوا ئەگەری کشانەوەی ئەمەریکاش مومکین نابێت لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەمەریکا عێراقێکی لاواز بەجێدەهێڵێت لە دوای خۆی، ئەو کاتە ئێوەش دەزانن کە ئەمە سەردەکێشێت بۆ چ کێشەگەلێك لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا.

بۆ ئێستای عێراق کەس خوازیاری ئەوەنییە بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ڕابردوو، بەڵام ئایا سیاسیەکان بەم ئاڕاستەیەدا کاردەکەن، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، یا ئایا دەوڵەتە دراوسێکان ڕێگەدەدەن ئەمە ڕووبدات، دووبارە ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە. من پێم وایە دوای ئەزموونە ناخۆشەکانی حەوت ساڵی ڕابردوو ئەوا ئەگەر عێراق بتوانێت حکومەتی نوێ پێبکهێنێت و هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، ئەوا بەهۆی سەروەت و سامانە زۆرەکەیەوە و بەهۆی توانای خەڵکەکەیەوە دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئاستێکی بەرزی ژیان و گوزەرانی هەبێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. من پێم وایە ئەمە خواستی خەڵکی عێراقە، بەڵام کێشەکە لە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە و لە هێزە دەرەکیەکاندایە کە ڕێگری لەم هەوڵ و هەنگاوانە دەکەن. من دەمەوێت ئەوە بڵێم لە هەندێ وڵاتدا خەرجی دۆزینەوە و

هەموو لەو بڕوایەدان دوای کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکای ناو عێراق بۆشاییەک لە وڵاتدا دروست دەبێت



د.نافیز موسەدەق ئەحمەد بۆ گوڵان:

# پێشبینی ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا عێراق بەرەو دیموکراسی بچێت

نەوت یەکجار زۆرە، هەندێ جار ناچار دەبن لە کەنار دەریاکان و لە قوڵاییەکی زۆردا بۆی بگەڕێن، بەڵام لە عێراقدا نەوتێکی زۆر، نەوتێکی باش هەیە کە بە ئاسانی دەتوانرێت دەربهێنرێت، ئەگەر عێراق بە باشی ئەم سەروەتەی بەکارهێنا، ئەوا دەتوانێت بە ڕەوتێکی خێرا بنیوژێتەوە، لەبەر ئەوە من هیوادارم ئەمە دوایین قەیران بێت لەم ڕووەوە کە لە عێراقدا ڕوویدات و ئومێدی من ئەوەیە ئەگەر ئەم حکومەتە پێکهێنرا جارێکی دیکە ئەم تەنگژەیە دووبارە نەبێتەوە لە وڵاتەکەدا.)) هەر سەبارەت بەم پرسە و تێڕوانین بۆ داهاتووی عێراق و ئەو مەترسی و تەحدیانەی لەم قۆناخە ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە ـ پرسیارمان لە د.نافیز موسەدەق ئەحمەد پسپۆڕ لە کاروباری نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی لەندەن کردو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوە وتی: ((باردۆخی عێراق باردۆخێکی ناسەقامگیرە، هۆکاری ناسەقامگیریەکەش بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە سوپا و سیاسیەکانی ئەمەریکا هەوڵی قووڵکردنەوەی گرژیە تائیفیەکانیان داوە، ئەویش لە ڕێی دابینکردنی داراییەوە بۆ گرووپە توندڕەوەکانی سوننە و لە هەمان کاتدا بۆ گرووپە توندڕەوە شیعەکانیش، چونکە ئەمەریکا هەر لە سەرەتاوە پلانی دابەشکردنی عێراقی هەبووە. ئێمە دەزانین کە هۆکارێکی ستراتیجی لە پشت دەستێوەردان و داگیرکردنی عێراقەوە هەبوو لە لایەن ئەمەریکاوە، من ناڵێم کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی ئەم وڵاتە تاکە هۆکار بوو، بەڵام هۆکاری بنەڕەتی بوو بۆ ئەم داگیرکردنە. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا هەرگیز نیازی جێهێشتنی عێراقی نەبووە، تەنانەت کاتێك ئۆباما بەڵێنی پاشەکشەپێکردنی هێزەکانیدا ڕاوێژکارەکانی ڕاسپاردەی ئەوەیان کرد نزیکەی ٥٠ هەزار سەربازێك لەو وڵاتەدا جێگیربکات. ئێستاش ئێمە دەبیستین هەندێ لە بەرپرسانی عێراق باس لەوە دەکەن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا حکومەت دەڕوخێت و شەڕی ئەهلی دروست دەبێت، ڕەنگە ئەمە بە تەواوەتی ناڕاست نەبێت، بەڵام ئێمە دەزانین هۆکاری ناسەقامگیری ئەمەریکایە و ئەمەریکاش درێژە بە ناسەقامگیری دەدات. چونکە بەڵگەنامەی ئەوە لە ئارادایە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دارایی بۆ گرووپە سوننییە توندڕەوەکان دابین کردووە بۆ ئەوەی ببنە پارسەنگی دەستڕۆیشتوی شیعەکانی عێراق و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. کەواتە ئەمەریکا دۆخێکی خولقاندووە سەقامگیری تێیدا ناچەسپێت، ئەم باردۆخەش بەردەوام دەبێت تاوەکو عێراقیەکان درك بەوە نەکەن ئەمە گەمەیەکە خزمەت بە بەرژەوەندی پێکهاتەکانی وڵاتەکە و تێکڕای خەڵکی وڵاتەکە ناکات. من ناڵێم عێراق نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی، دەکرێت دیموکراسیەتێکی کارا لە عێراقدا بهێنرێتەئاراوە، بەڵام دەبێت سەرەتا چەند شتێك بکرێت، یەکەم دەبێت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا و ڕوسیا و تێکڕای ئەو هێزانەی بەشداریان کرد لە شەڕی عێراقدا هەڵبستن بە دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە کە لە لایەن ئەمەریکاوە وێرانکرا، تاوەکو ئەمە ڕوونەدات، ئەوا خەڵکی کێشەیان دەبێت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی هەستی ڕق و کینە و ئەو کاتە ئامادەی پەنابردنەبەر توندوتیژی دەبن و ئەمەش وایان لێدەکات بە ئاسانی لە لایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە بەکاربهێنرێن. کەواتە تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی پابەند نەکات بە یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ دابینکردنی پێداویستە بنەڕەتیەکانی وەك ئاوی پاك، کارەبا و پەروەردە و تاد... ئەوا دۆخەکە بە مەترسیدار دەمێنێتەوە و جێی داخە پێشبینی ئەوە ناکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەمە ڕووبدات. لە لایەکی دیکەوە تاوەکو کۆتایی بە هاوکاری دارایی دەرەکی- کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە لایەن ئەمەریکا و سعودیە و پاکستان و تەنانەت بەریتانیاشەوە

ئاستی پێگەیشتوویی سیاسیی لەنێو سەرکردە عەرەبەکانی عێراقدا بەو شێوازە پێگەیوو نییە تا بتوانن دەوڵەت بەڕێوەبەرن





پرۆفیسۆر تۆماس ئۆدۆنێل بۆ گوڵان:

# تا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت عێراق لاوازتر دەبێت

بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق راشکاوانە بە هەموو میدیاکانی جیهانی راگەیاند کە تا ساڵی ٢٠٢٠ هێزەکانی سوپای عێراق ئەو توانایەیان نابێت بەتەنها ئاسایشی وڵات رابگرن

دابین دەکرێت- بۆ گرووپە توندڕەوەکان نەهێنرێت، ئەوا گرنگ نییە جڵەوی دەسەڵات و حکومەت لە دەستی کێدایە، بەڵام نە دەتوانێت حکومەتێکی سەرکەتوو بێت و نە دەکرێت دیموکراسیەتێکی کارا لە وڵاتەکەدا بنیات بنرێت و نە بارودۆخە سیاسیەکەش سەقامگیری بەخۆوە دەبینێت. من داوا لە خەڵکی عێراق دەکەم کۆتایی بەم گەمەیە بهێنن، مەبەستم ئەوەیە عێراقیەکان کەوتونەتە تەڵەی ئەمەریکاوە و ئەمەریکا گەمە بە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دەکات، دەبێت عێراقیەکان کۆتایی بەم گەمەیە بهێنن و نە شیعە و نە کورد و نە سوننەکانیش بیر لە پەنابردنەبەر ئەمەریکا نەکەنەوە بۆ یارمەتیدانیان، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا لە خشتەیان دەبات، بە پێچەوانەوە دەبێت ڕێگە نەدەن ئەمەریکا دەسەڵاتی خۆی پتەو بکات لە وڵاتەکەدا، ئەگەرنا توندوتیژی درێژەدەکێشێت و هیچ لایەکیش سەرکەوتوو نابێت.))

### هەتا ئێستا هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بێ ئاکام بوون

رۆژی دوانزەی ئاب و لە دیمانەیەکی ئامۆژگای برۆکینگز لەگەڵ پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان، پرسیاری ئەوەی لێدەکەن : پاش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان لە مانگی ئادار-ەوە، ئایا رات چییە بەرامبەر ئەوەی کە تاکو ئەمرۆ نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت؟ ئایا بۆچی «عەلاوی» و «مالکی» ناتوانن رێککەون؟ پرۆفیسۆر پۆلاك بەمجۆرە وەڵامی برۆکینگزی داوەتەوە: ((ئەم پرسیارە پرسیارێکی ٦٤،٠٠٠ دۆلارییە. هەردووك لە «مالکی» و «عەلاوی» باش لەو راستییە تێدەگەن کە باشترین رێگەچارە و گەورەترین بەرژەوەندی بریتیە لە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوانی هەردووك لە پارتەکانیان. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەوان یەکتریان خۆش ناوێت، هەردووکشیان دەیانەوێ ببن بە هاوبەشی گەورە لە هاوپەیمانێتییەکە. من پێموایە کە ئیدارەکە رێچکەی دروستی گرتووە کە لە هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران و پۆستە فەرمییەکانی تر، ئەمەش لەلایەنێك هەستی ئارامی و دڵنیایی بە خەڵك دەبەخشێت لەو بارەیەی کە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو وەکو دیکتاتۆرێك دەرناکەوێت، لەلایەنێکی ترەوە پۆستی زیاتر دروست دەکرێت کە لەلایەن هەردووکیانەوە و پێکهاتە گرنگەکانی تر پەسەند دەبێت کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە حەزدەکەن لە حکومەتدا پۆستێکی گرنگ وەرگرن. نیگەرانیی من لەو قسانەیە کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقییەکان قسەیان لەبارەی کردووە، دروستکردنی هەندێ پۆستی نوێ و دەرکردنی تەشریعاتی نوێ لەبارەی بەخشینی هێز بە دەسەڵاتەکانیان بارەکە چارەسەرناکات، بەڵکو لەوانەیە خراپتری بکات. مالکی، وەکو سەرۆك وەزیران، تواناکانی نمایشکرد لە دەستێوەردان لە پۆست و دەسەڵاتەکانی تر کە وەکو هاوتایەك دانرابوون بەرامبەر بە پۆستی سەرۆك وەزیران. بەم شێوەیە، مالکی، یان هەر کەسێکی تر کە لە ئایندەدا ببێت بە سەرۆك وەزیران، دەتوانێت هەمان شت دووبارەبکاتەوە. بەتایبەتی لەگەڵ پەرلەمانی نوێدا، سەرۆك وەزیران زۆر بە ئاسانی دەتوانێت یاری بە پەرلەمان بکات و بە ئارەزووی ئەو یاسا بگۆڕێ یان فەرامۆشی بکات. هەر بۆیە من حەزدەکەم گۆڕانکاری دەستووری رووبدات بۆئەوەی بەرپرسیارەتییەکان لەبارەی رۆڵی فەرماندەی هێزەکان و ئاسایش بۆ سەرۆکایەتی بگوازرێتەوە. ئەو کاتە هاوسەنگییەك لەنێوانی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار دروست دەبێت، هەروەها دەبێت بەمایەی دروستبوونی ٢ پۆست کە هەردووك لە مالکی و عەلاوی ئامادە دەبن وەریگرن.)) ئەوەی پرۆفیسۆر پۆلاك لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی پێکردووە خستنەرووی واقیعی سیاسیی ئێستای عێراقە و لە نزیکەوە پۆلاك ئاگاداری رەوشەکەیەو ماوەیەك پێش ئێستا

لە هەندێ وڵاتدا خەرجی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت یەکجار زۆرە، بەڵام لە عێراقدا نەوتێکی زۆر، نەوتێکی باش هەیە کە بە ئاسانی دەتوانرێت دەربهێنرێت



**ئەمەریکا هەر لە سەرەتاوە پلانی دابەشکردنی عێراقی هەبووە**



لەگەڵ زۆربەی سیاسیەکانی عێراق قسەی کردووە، بەڵام سەبارەت بەم واقیعەی پۆلاك باسی کرد، ئێمە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئۆدنیل بۆ ئەم راپۆرتە کرد و لەوەڵامدا پێی وتین: ((هەروەك ئێمە لە ئینگلیزیدا دەڵێین «شەیتان لە وردەکاریەکاندایە.» لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی نێوان پێکهاتەکانی عێراق هەمیشە بریتیە بووە لە بێ متمانەیی، بۆ نموونە ئەگەر دووبارە مالیکی دەسەڵات بگرێتەوە دەست ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی کوردەکان دەکات، یان ئایا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی عێراقیەکان دەکات، لێرەدا ئەوەی گرنگە لەم لیژنەیەدا ئەوەیە ئایا بەو شێوەیە لێی دەڕوانرێت کە کار بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکات و بەم شێوەیە دەبێتە هەنگاوێك بۆ دروستکردنی متمانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا یان نا، چونکە گرنگ ئەوەیە هیچ پێکهاتەیەك هەست نەکات بەرژەوەندیەکانی فەرامۆش دەکرێت و پەراوێز دەکرێت، ئەگەر بەم ڕوحیەتەوە کاربکات ئەوا هەنگاوێکی باش دەبێت، کاری ئەو لیژنەیەش ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران سنوردار بکات کارێکی باش دەکات. بۆ ئەوەی هەموو لایەك هەست بکەن ڕێز لە بۆچوون و تێڕوانینەکانیان دەگیرێت ئەوا ئەمە دەبێتە هەوڵ و هەنگاوێك بەرەو پێکهێنانی یەکێتی نیشتیمانی. بەڵام ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووە ئەوەیە ئەمەریکا خوازیاری کشانەوەیە و لە ڕاستیدا ناتوانێت بکشێتەوە ئەگەر حکومەتێکی سەقامگیر پێکنەهێنرێت، ئێرانیەکانیش نایانەوێت حکومەت بە پەلە پێکبهێنرێت ئەگەر پێشتر چەند تەنازولێك بە ئەمەریکا نەکەن. کەواتە عێراق لە دۆخێکی دژواردایە. )) بەڵام د.نافیز موسەدەق هۆکاری پێکنەهێنانی حکومەت دەگێڕێتەوە بۆ کورتبینی لایەنە عێراقیەکان و ئەو پێی وایە تا ئێستا لایەنە عێراقیەکان لە نێو بەرژوەندییە تەسکە ئیتنی و تایفیەکانەوە سەیری ئاییندەی عێراق دەکەن و لەمبارەشەوە بەم راپۆرتەی رایگەیاند: ((ئەوەی من بەدی دەکەم ئەوەیە پێکهاتە جیاوازەکان گەمەی جیاواز دەکەن، مەبەستم ئەوەیە هێشتا ئەم پێکهاتانە گفتوگۆی گونجاویان لەگەڵ یەکدا نەکردووە، کە بە داخەوە پێدەچێت ئەم دۆخە تا ماوەیەکی دیکەش بەم شێوەیە درێژە بکێشێت. من پێم وایە لەم ڕووەوە هەم نیگەرانی

**بەڵگەنامەی ئەوە لە ئارادایە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دارایی بۆ گرووپە سونییە توندڕەوەکان دابین کردووە بۆ ئەوەی ببنە پارسەنگی دەسترۆیشتوی شیعەکانی عێراق**

**عێراقیەکان کەوتونەتە تەڵەی ئەمەریکاوە و ئەمەریکا گەمە بە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دەکات**



کوردەکان ڕەوایە و هەم نیگەرانی شیعە و سوننەکانیش، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من پێویستە ئەم لایەنە جیاوازانە لە سیاقێکی نیشتیمانی گەورەتردا لە کێشەکان بڕوانن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن، واتە دەبێت کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان بدەن، نەك بەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی پێکهاتە جیاوازەکان، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بۆچی دەبێت عێراقیەکان وەك کورد و وەك شیعە و وەك سوننە بیر لە خۆیان بکەنەوە. ئەمە دۆخێکە لە لایەن دەستێوەردانی ئیمپریالیەوە خوڵقێنراوە و هەر لەلایەن ئەم هێزانەوە قوڵترکراوەتەوە. کەواتە تەنیا لەو کاتەدا کە بیر لە بەرژەوەندی عێراق دەکرێتەوە دەتوانرێت لە سیاقێکی ڕاست و دروستدا کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی کورد و شیعە و سوننەکان بکرێت.لەم چوارچێوەیەدا کاتێك ئەمریکا گوشار دەخاتە سەر لایەنەکان من پێم وایە بۆ ئەوەیە ڕاددەیەك لە سەقامگیری لە عێراقدا دروست بێت تاوەکو بتوانێت نەوتی وڵاتەکە هەناردەی دەرەوە بکات، لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکرێت کە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردودا قەیرانی نەوت لەسەر ئاستی جیهان ڕوودات، کەواتە ئەمەریکا خوازیارە عێراق ئەوەندە سەقامگیربێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرەکان بێنە ئەم وڵاتەوە و دەست بە کردنەوەی کێڵگە نەوتیەکان بکەن و ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن بەرزبکەنەوە بە چەشنێك ببێتەهۆی سوککردنی ئەو قەیرانی نەوتەی پێشبینی دەکرێت ڕوودات. هەروەها ڕەنگە ئەمە بۆ هەڵوەشاندنەوە یاخود لاوازکردنی ڕێکخراوی ئۆپیك بەکاربهێنن، بە تایبەتی ئێران. کەواتە ئەمەریکا بەلایەوە گرنگە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە عێراقدا هەبێت بە چاوپۆشین لەوەی حکومەتێکی دیموکراتی دەبێت یان نا، بەڵام گرنگە ئەوەیە بتوانێت پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت درێژە پێبدات.)) ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە لەم راپۆرتە خراونەتە روو لەگەڵ ئەوەی لێك جیاوازن بەڵام هەموو یان پێکەوە ئەو راستیەمان بۆ دیاری دەکەن، کە عێراق لەبەردەم تەحەددا و هەڕەشەیەکی گەورەدایە و ئەگەر لایەنە عێراقیەکان نەتوانن ڕێکبکەون، ئەوا لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

**کێشەی سەرەکی نێوان پێکهاتەکانی عێراق هەمیشە بریتیە بووە لە بێ متمانەیی**

**کاتێک ئەمریکا گوشار دەخاتە سەر لایەنەکان من پێم وایە بۆ ئەوەیە ڕاددەیەک لە سەقامگیری لە عێراقدا دروست بێت تاوەکو بتوانێت نەوتی وڵاتەکە هەناردەی دەرەوە بکات**

**عێراق لەبەردەم تەحەددا و هەڕەشەیەکی گەورەدایە و ئەگەر لایەنە عێراقیەکان نەتوانن ڕێکبکەون، ئەوا لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم**

# ڕۆشنبیری یەکترقبووڵکردن



کنێر عەبدوڵڵا

لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا جیاوازی مرۆڤەکان لە ڕووی ئایدیا، فکر، تێڕوانین، ئایین،مەزهەب ورەگەز یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ژیان . بێگومان پێکەوەژیان و هەڵکردنی هەریەك لەو مرۆڤانە بە جیاوازییەکانیانەوە گرێدراوی سستمێکی دیموکراتی و مەدەنییەت و پەرەپێدانە تاوەکو بتوانن لەکاتی کارکردن یان پێکەوەژیاندا جیاوازییەکانیان وەلابنێن وکار لەسەر پتەوکردنی خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن و ڕێز لە تایبەتمەندێتییەکانی یەکتری بگرن، چونکە لە نێوەندی چوارچێوەی ئەو جۆرە پێوەندی وکۆمەڵگەیانەدایە کە دەتوانرێت پێوەندییەکان سروشتی و تەندروست بن، لەهەمان کاتدا ململانێکانیش ڕەوتێکی سروشتی وئاسایی لەخۆ بگرێ، ئەگەرچی بەگشتی ڕاستی شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە. بە بڕوای من ئەم ڕاستییە تەنیا لە تاکەکاندا بەرجەستە نابێت، بەڵکو پەیوەستە بەسەرجەم لایەن، ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانەوە. بۆ نموونە تێڕوانینی زۆرێك لە کەسایەتییە جیاوازەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە فرە ڕێکخراوەیی یان یەکنەگرتنی ڕێکخراوەکانی ژنان یەکێکە لە بەربەستەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕاستەقینەی ژنان یان گەیشتنی ژنان بە ئامانجەکانیان. یان بە واتایەکی دیکە یەکترقبووڵکردن نەبۆتە کولتوور یان ڕۆشنبیریەکی ڕاستەقینەی نێوانیان لە پێناو ئامانجەکانیان . هەڵوەستەکردن لەمەر ئەم تێڕوانینە ئەگەرچی زۆر هەڵدەگرێ،بەڵام خودی گرفتەکە لێرەدا نییە، ئەوەندەی گرێدراوی نەبوونی خوێندنەوە و ڕۆشنبیرییەکی گشتییە لەمەڕ جۆری پێوەندییەکان و شێواز و میکانیزمی کارەکان یان زەمینەی ئەو واقعەی پێوەندی و کارەکان ڕێکدەخات لەمەر جۆری سستمی حوکمڕانی لە وڵاتدا و چۆنێتی تێگەیشتنەکانە لە ئاست هەریەك لەو پێوەندیانە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا بەجیاواز لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرییەکان یاخود تەسکبینین و چڕکردنەوەی مەودای بیرکردنەوەی تاکەکانە بە جیاواز لە فەزایەکی فراوان و ئازاد .. ئەو هۆکارانەیە وا دەکات یەك ئاڕاستەی بیرکردنەوە و بینین هەبێت بۆ چارەسەرەکان، لە کاتێکدا لە نێوان ئەو ئاڕاستەیەدا چەندین ئاڕاستەی جیاوازی دیکە دەشێت بوونیان هەبێت، واتە مەرج نییە یەکگرتن و توانەوەی ڕێکخراوەکان لە نێو یەك ڕێکخراودا چارەسەر و گەیشتن بێت بە تەواوی ئامانجەکان، ئەوەندەی گرنگی و کاریگەری کارەکان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چۆن بتوانن خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان لە پرۆژەی هاوبەشدا بەگەڕ بخەن و ڕێز لە تایبەتمەندێتیەکانی یەکتریش بگرن کە تیایدا جیاوازن

لێرەوە بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری قبوڵکردنی ئەویدی دەبێتە پێداویستییەکی بنەڕەتی و گرنگ کە پێویستی بە پلان و پرۆسەیەکی ستراتیجیە کە لە ناخ و هزری نەوەکاندا بچێنرێ، ئەوەش بێ دیالۆگ و گفتوگۆو بوونی پێوەندی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیارسازیدا نایەتە دی کە دواتر دەبێتە هۆی جێگیربوون و گوزەرانکردن و ئاشتی لە کۆمەڵگەدا. لە ڕوویەکی دیکەشەوە قبوڵکردنی ڕۆشنبیری جیاوازی ئەویدی بەمانای باوەڕکردن نایەت، بەڵکو قایلبوونە بە بوونی جیاوازی و بوونی ئەو ڕۆشنبیرییە و پەسەنکردنی لە لایەن ئەویدیەوە بەمەرجێ ئەو ڕۆشنبیریە لەسەر حسابی مافەکانی ئەویدی بونیاد نەنرا بێت .بێگومان هەموو ئەو تێگەیشتن و ڕۆشنبیرییەش گرێدراوی بوونی بنەماکانی دیموکراتییە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، چونکە بوونی پێوەری دیموکراتییە وا دەکات هاوهێزی و پانتایی دەرفەتی گوزارشتکردن لە بیروراکان نەهێڵێ هەروەك چۆن پێوەری دادپەروەری سیاسیە دەبێتە هۆی دابڕان و پەرتبوونی دەرفەتی گفتوگۆ و بەردەوامی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا .

Kner_abdullah@yahoo.com

# تارق عەزیز:
# یاری لەناو کێڵگەیەکی بەمینڕێژکراودا


ئەگەرچی چاوپێکەوتنە بڵاوکراوەکەی تارق عەزیز لەرۆژنامەی گاردیان هیچ بایەخێکی تایبەتی نییە، بەڵام دەشێ بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیرکردنەوەی نوێنەرانی رژێمی پێشوو سوودی لێ وەربگیرێ.

تارق عەزیز بەدرێژایی ماوەی تێکهەڵکێش بوونی لەگەڵ رژێمی پێشوودا پۆستی مەدەنیی پێ سپێردرابوو، لەوانە پۆستی وەزیری دەرەوە جێگری سەرەك وەزیران و هیچ پۆستێکی لەسوپاو ئاسایش و هەواڵگری وەرنەگرتووە. ئەمەش ئێستا یارمەتیی ئەوەی دەدا بڵێ گوایە دەستی لەهیچ تاوانێکی دژی مرۆڤایەتیدا نەبووە. بەڵام تارق عەزیز سەرەڕای ئەرکە مەدەنییەکەی و سەرەڕای دووركەوتنەوەی لەپۆستەکانی سوپاو ئاسایش و هەواڵگری، کەم تا زۆر دەستی لەدارشتنی بڕیاری سیاسیدا هەبوو. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کەدەستی هەبوو لەدروست کردنی دیکتاتۆر، کاتێك وەك ئەندامێکی باڵی سەددام بەشداریی لەپاکتاوکردنی باڵی ئەحمەد حەسەن بەکری کردو و لەکۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا پاساوی بۆ سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان هێنایەوە.

لەناوچەی موسڵ دوو کەس لەکەمینەکان ئەو دەرفەتیان بۆ رەخسا کە لەناو حزبی بەعس و لەدەوڵەتدا بگەن بەپۆستی گرنگ کەبریتین لەتارق عەزیز و تەها یاسین رەمەزان. هەردووکیان لەرێی پشتیوانی کردن لەسەددام پێگەی بەهێزیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد. بەڵام هەردووکیشیان بەرژەوەندیی تایبەت ئەوەندە بەسەریاندا زاڵ بوو کە لەکۆتاییدا زۆر لەرەچەڵەکی خۆیان دوور کەوتنەوە. یەکەمیان بۆ شاردنەوەی رەچەڵەکی مەسیحییانەی خۆی ناوی حەنای باوکی لەناوی سیانی خۆی دەرهاوردو ئەوی تر بۆ پچڕاندنی دوایین ئاسەواری پێوەندیی بەناوچەی جزیرەوە، نازناوی جەزراویی لابردو کەوتە بەکارهێنانی ناوی سیانی. بەم پێیە هیچ کامێکیان خزمەتی رەچەڵەکی خۆی نەکرد.

تارق عەزیز کاربەدەستێکی گەورەی رژێمێك بوو کە نەدیموکراسیی پێشکەش بەگەلەکەی کرد، نە ئەنجوومەنێکی نوێنەرانی راستەقینە، نە دەستورێکی هەمیشەیی. لە بەراوردکردنێکدا لەنێوان ئێستاو رابردوودا، تارق عەزیزو هەموو نوێنەرانی رژێمی پێشوو زۆرتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەرژێمی پێشوو خزمەتگوزاریی زۆرتری پێشکەش بەهاووڵاتییان کردووە. بەڵام لێرە مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی خزمەتگوزاری نییە کەپێویستە بەبێ منەت پێشکەش بکرێ، چونکە ئەمە لەبنەمادا یەکێکە لەئەرکەکانی هەر حکومەتێك، چ دیموکرات بێ چ دکتاتۆر. مەسەلەکە مەسەلەی ئەوەیە کەدەبێ دەوڵەت لەخزمەتی هاووڵاتییانیدا بێ، وەك ئەوەی کەئێستا وایە، هەر چەند لەم بارەیەوە کەموکوڕیش هەیە، نەك هاووڵاتییان لەخزمەتی دەوڵەتدا بن، وەك ئەوەی کە لەسەردەمی رژێمی حزبی بەعسدا وابوو.

رژێمی پێشوو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەو رژێمەدا سەرۆکی دەوڵەت لەسەرووی یاساوەیە هیچ شتێك بەرپەرچی دەسەڵاتی رەهای ناداتەوە جگە لەدەستەو دایەرەی دەوروبەرو نزیکی سەرۆکی دەوڵەت، هەموان خزمەتکارو گوێڕایەڵن. لەرژێمی وادا هەموو سیاسەتمەداران سنووریان بۆ دیاری کراوە نابێ لەناو رژێمی سیاسیدا کەس وەك ئەلتەرناتیڤی سەرۆکی دەوڵەت دەربکەوێ و دەبێ هەموان بەبچوکی بمێننەوە.




**فەرید ئەسەسەرد**


**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**


تاریق عەزیز خۆی باجی درەوشانەوەی وەك کەسێکی ناسراوی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دا چونکە هەر دوا بەدوای ئەوەی کەرۆژنامەنووس خاتوو حەمیدە نەعنەع لەناوەڕاستی هەشتاکاندا چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلی بەشێوەی کتێب بەناونیشانی «تارق عەزیز: پیاوو دۆز» بڵاوکردەوە، تارق عەزیز گڵۆڵەی کەوتە لێژی و لەماوەیەکی کەمدا پەراوێز خرا.

ئەگەرچی تارق عەزیز لەچاوپێکەوتنەکەدا خۆی لەوە پاراست کەرەخنە لەرژێمی پێشوو بگرێ بەڵام تا ئەندازەیەکی گونجاو لەوەدا سەرکەوتوو بوو کەکارکردن لەناو رژێمی بەعس بەکارکردن لەناو کێڵگەیەکی مینرێژکراو بچوێنێ کەئەمەش تارادەیەکی زۆر شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەخۆی تارق عەزیز رەخنەی لەهەندێ رەفتاری رژێمی پێشوو هەبووە.

## عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک بۆ گوڵان:

# بەو بودجە کەمەی بۆمان تەرخانکراوە وا بەخێرایی کەرکوک ئاوەدان ناکرێتەوە





**کەرکــووك لەمێژووی نەتەوایەتی کورددا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبـــووە، ململانێی سیاســـی و پیلانە دوژمنکارییەکان لەدژی ئەم شـــارە و دانیشـــتووانەکەی لەپێناو ئاســـایی نەبوونەوەی بارودۆخی کەرکووك تا ئێستا درێژەی هەیە، لە ئاکامی ئەم گەمە سیاسی و ململانێیەوە تەواوی پارێزگاکە لـــەرووی ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەوە کێشـــەو گرفتێکی زۆری هەیە و بێ چارەسەر ماوەتەوە. عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووك لەدیمانەیەکی تایبەت بە (گۆڤاری گوڵان)دا ئامـــاژەی بەگرنگی جێبەجێکردنی تەواوی ئەو مادده دەستوورییانە کرد کە پێوەندیدارن بەئاساییبوونەوەی بارودۆخی شاری کەرکووك. هاوکات بەڕێزیان ئاماژەی بەو پرۆژانەدا کە ڕۆڵیان لەباشـــبوونی ئاســـتی خزمەتگوزارییەکان هەیەو هەندێکیان چوونەتە واری جێبەجێکردنەوە و ژمارەیەکی دیکەشـــیان لە بەرنامەو پلان دان..لـــەم دیمانەیەدا (گۆڤاری گوڵان) چەند پرســـیارێکی لەپارێزگاری کەرکووك کرد، کە تایبەت بوون بەو گرفتە خزمەتگوزارییانەوە کە هاووڵاتییانی کەرکووك ڕۆژانە دووچاری بوون و چاوەڕێی چارەســـەرکردنی خێرای دەکەن لەوانە: مەســـەلەی کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆو خزمەتگوزاری تەندروســـتی و کەمئەندامـــان و پەروەردەو بێکاری.. سەبارەت بەکێشـــەی موڵکداریش پارێزگاری کەرکووك وتی(( لەپارێزگاکەدا ٤٠ بـــۆ ٤٢ هەزار کێشـــەی موڵکداری هەیە بێ چارەســـەرکردن ماونەتەوە هەڵمەتێکی فراوانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زێدەڕۆیی دەست پێ دەکات و کەسیش قەرەبوو ناکرێتەوە.))دواتر پارێزگاری کەرکووك دانی بەو راستییە دا نا کەلەبواری خزمەتگوزارییەکاندا کێشەو گرفتێکی زۆر هەیە، بەڵام پارێزگا بۆ چارەسەرکردنی هەنگاوی پراکتیکی هەڵێناوە.**

**ســـەرەتا پارێـــزگاری کەرکووك باســـێکی ســـەبارەت بەبارودۆخی ئارامی و ئاسایشی شاری کەرکووك و پارێزگاکەی بۆ کردین، کە بە یەکێك لەدۆسیێ گرنگ و هەستیارەکان دادەنرێت، لەمبارەیەوە پارێزگاری کەرکووك وتی:**

کەرکووك وەك پارێزگاکانی تری عێراق زۆر جار ڕووبەڕووی هەڕەشـــەی تیرۆریستان و کردەوەی خراپیان بوونەتـــەوە، بەڵام ئەگەر بـــەراوردی بکەین لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣ لەگـــەڵ(١٤) پارێزگاکەی تـــری عێراق بارودۆخەکەمـــان زۆر باشـــترەو بە بەراورد لەگەڵ چەندســـاڵ پێشـــتریش بارودۆخی شـــاری کەرکووك تاڕادەیەك باش باشـــترە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کێشە و گرفتمان نییە، پلان و هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ بەرەو پێشەوەچوونی بارودۆخی ئەمنیی، دەتوانم بڵێم ئێستا کەرکووك هێمن و سەقامگیرە.

پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکووك جیاوازە لە چەندین نەتەوە و ئایین و ئاینزایەك پێکهاتووە زۆرجار جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە کەرکووك هیچ کێشە و گرفتێکی نەتەوەیی و ئاینیمان نییـــە و پێکهاتەکانی کەرکووك وەکو برا لەگەڵ یەکتـــر دەژین، هەرچەندە بیروبـــاوەڕی سیاســـی جیاواز لـــە نێوان پێکهاتەکاندا هەیە، ئەمە کارێکی سروشتییە لە هەموو کۆمەڵـــگا و پێکهاتەیەکدا هەیە بەڵام نەبۆتە هۆکاری گرفت و کێشە لەسەر بارودۆخی کەرکووك،تەنانەت لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کەرکووك بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بەڵام نەگەیشـــتۆتە رادەی گرژی و گرفت لە نێوانیاندا.

**جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری**

**گۆڤـــاری گوڵان- مـــاددەی ١٤٠ کە بۆ ئاســـایکردنەوەی بارودۆخـــی کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان داڕێژراوە تاچەند کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادده دەستوورییە کراوە؟ ئایا ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنـــی تـــەواوی بڕگەکانی ئەم ماددەیە دانراوە؟**

**پارێـــزگاری کەرکـــووك:** دەســـەڵاتی جێبەجێکردنـــی مـــاددەی(١٤٠) زۆر لە ئێمـــە گەورەتـــر و بەرزتـــرە، لیژنەیەك بۆ جێبەجێکردنی دامەزراوە لە چەند وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و عێراقی فیدراڵ، لیژنەکە کاری باشـــیان کردووە و بڕیاری گونجاو و کاریگەریان دەرکردووە،لە قۆناخی یەکەمدان ئەویش قەرەبووکردنەوەی

پلان و هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ بەرەو پێشەوەچوونی بارودۆخی ئەمنی



**لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بەڵام نەگەیشتۆتە رادەی گرژی و گرفت لە نێوانیاندا.**

ئاوارەکان و رەوانەکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی ئـەو خێزانانەیـە کـە بـۆ تەعریبکردن هێنراونەتە کەرکـووك ئەمەش بە ئارەزووی خێزانە عەرەبەکانـە، ئێمە وەکو پارێزگاری کەرکـووك لە دانیشـتن و گفتوگۆیەکاندا لەگـەڵ بیانییەکان و عێراقییەکان گرنگی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)مان خستۆتەروو و فشـارمان خستۆتە سـەر لایەنەکان بۆ جێبەجێکردنـی، چونکە بە بـاوەڕی ئێمە تاکە چارەسەری کێشەی کەرکووك و کێشە هاوشـێوەکانی لەم قۆناغـەدا لە رێگای ماددەی (١٤٠) نەبێت جێبەجێ ناکرێت، بۆیە بەوپەڕی توانامانەوە هەوڵمانداوە کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەکە بکرێت و هیوادارین حکومەتی داهاتووی عێراق درك بە گرنگی جێبەجێکردنـی مـاددەی (١٤٠) بکات و هاوپەیمانی فراکسـیۆنەکانی کوردستانی مەرجی سەرەکیان لە پێکهاتنی حکومەتی عێراقیدا جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بێت، سووربوون و پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) زۆر گرنگ و پێویستە.

**گوڵان- بەڵام زۆر لەو کەسانەی قەرەبوویان وەرگرتـووەو دەگەڕێنـەوە بـۆ کەرکووك دواتر دووبارە دەگەڕێنەوە شـارەکانی تری کوردسـتان یا خانووی بە تاپۆ دەفرۆشن و خانووی زێدەڕۆ دروسـت دەکەن، بەڕێزتان چۆن رووبەرووی ئەم کێشەیە دەبنەوە؟**

**پارێـزگاری کەرکووك:** بەداخـەوە بۆ ئەو کەسـانەی لـە ئاوارەکانـی دەگەڕێنەوە کەرکووك خانوو دروسـت دەکەن لە پاشـان چۆڵـی دەکەن، بەم دواییەش هەندێ خەڵك هەستاون بە فرۆشتنی خانووە بە تاپۆکانیان و دروسـتکردنی خانووی زێدەڕۆیی ئەمە جێـگای نیگەرانی ئێمەیـە، چونکە زیان لە خۆیان و لە کەیسە گشتییەکەش دەدەن، بۆیە پێویسـتە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین بۆ ئاسایی بوونەوەی شـاری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و گەڕانەوەیان بۆ قۆناخی مێژووی و بنەڕەتی خۆیان.

**گـوڵان : ئامادەکارییەکانی سـەرژمێری دانیشتووان لەکەرکوك بەکوێ گەیشتووە؟**

**پارێـزگاری کەرکـووك:** سـەرژمێری دانیشتووانی کەرکووك ئامادەکاری لەرووی پراکتیکییەوە بۆ کراوەو بە ئاسایی پرۆسەکە دەڕوات بەڕێوە، ئێسـتا قۆناخی باشـمان بڕیوەو پێشـبینی ئەوەش دەکەم ئەنجامی سەرژمێرییەکە سەرکەوتوو بێت ..

**ئەمەو سـەبارەت بەهەڵبژاردنی پارێزگای کەرکـووك بەڕێزیـان وتی:** تا ئێسـتاش هەڵبژاردنـی پارێزگای کەرکوك باسـی لێوەنەکراوەو کاتیشی بۆ دیاری نەکراوە.

**لە کەرکووک هیچ کێشە و گرفتێکی نەتەوەیی و ئاینیمان نییە**

## کێشەی موڵکدارێتی لە پارێزگای کەرکووک

**گوڵان- کێشـەی موڵکـداری لەکەرکووك کێشـەیەکی گەورەو ئاڵۆزە، ئایا بەڕێزتان وەکـو پارێـزگا لەمبارەیـەوە چیتان بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەم کێشەیەو چارەسەرکردنی کردووە؟**

**پارێزگاری کەرکووك:** یەکێك لەو کێشـە دیـار و گەورانەی لە کەرکـووك هەیە تا ئێسـتاش هەر وەکو خۆی ماوەتە کێشـەی موڵکدارییە، بەرادەیەك کێشەکە گەیشتۆتە ئاستێك مەترسی گەورەی لێدەکرێت بۆ نانەوە گرفت و کێشە لەنێوان خەڵك و پێکهاتەکانی کەرکووك دا. لەمبارەوە پارێزگاری کەرکووك زیاتر لەسـەر ئەم مەسەلەیە راوەستاو وتی: ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە لە شارەکەدا و زۆر هەوڵمانـدا لەگـەڵ هەموو لایەن و خەڵکەکە، بەڵام نەگەیشـتینە چارەسـەر لەپارێـزگای کەرکـووك دا پتر لە (٤٠ تا ٤٢) هەزار کێشەی موڵکداری هەیە و چەند دەستەیەك دانراوە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام ئەوانیش تا ئێسـتا نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، هەرچەندە لـە کەرکووك لەمبارەیەوە کاری باش دەکرێت، بەڵام دادگای تەمییز لە بەغداد لـە چەند کەسـێك پێکهاتووەو دابەشـی سەر سێ دەسـتە کراون ئەم سێ دەستەیەش کەمە ناتوانن بەم هەموو کێشەیە رابگەن.

لـە کاتی خۆیـدا راوبۆچوونـی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە موڵکداریانە ئەوەبوو کە بڕیارەکانی پێشوو بسڕینەوەو موڵکەکان بـۆ خاوەنی بگەڕێتەوەو ئەو کەسـەی کە موڵکەکەشی خراوەتە سەر قەرەبوو بکرێنەوە، بـەڵام ئـەم راوبۆچۆنەیان قبـوڵ نەکرا، ئێستاش ئێمە هەر لەسەر ئەم راو بۆچوونەین و لەلایەکی دیکەدا داوامانکردووە دەسـتەو لیژنەکان پتـر و بەرفراوان بکرێن، دادگای تەمییزی بەغداش دەستەی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بەسەر کێشەکەدا زاڵبن.

## کێشەی زێدەڕۆیی چارەسەر دەکرێت و کەسیش قەرەبوو ناکرێتەوە

**سەبارەت بەپرسیارێکی گوڵان کە تایبەت بوو بەکێشەی زێدەڕۆیی کەلەم دواییەدا هەڵمەتێك بۆ نەهێشتنی کرا بەڵام تاکو ئێستا ئەو کێشەیە لێرەو لەوێ لەناو شارەکەدا دەبینرێت بەڕێزی وتی:** ئەمە کاریگەرییەکی زۆر خراپ و ناشرینی لەسەر بارودۆخی کەرکووك و ئیدارەکە دروستکردووە، هەر کەسە دەهات پارچە زەویەکی بەرفراوانی لەلایەك بە ئارەزووی خۆی دادەبڕی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنا، بەڵام لەم ماوەیەدا بڕیارماندا کە ئەم کار و زێدەڕۆیانە زۆر ناڕەوایە کە دەرهەق بە شارەکە دەکرێت و دوورە لە هەموو یاسا و عورفێك و نابێت شارەکەمان ناشیرین و بێسەروبەر بکەین، بۆیە هەڵمەتێکی بەرفراوانمان دەست پێکردووە بۆ رووخاندنی زێدەڕۆییەکان، لەمەودواش هەر کەسێك زێدەڕۆیی لەسەر زەوی سنووری پارێزگای کەرکووك بکات جگە لەوەی خانوو یا دوکان و باڵەخانەکەی دروستی کردووە دەڕوخێنرێت و سزا و لێپێچینەوەی توندی بەرامبەری دەکەین و کەسیش قەرەبوو ناکرێتەوە.

## کەرکووک پێویستی بە هەڵمەتی خزمەتگوزارییە

**گوڵان- ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان جێی رەخنەو گلەیی هاووڵاتییانی کەرکووکە ئایا پێت وانییە کەرکووك پێویستی بەهەڵمەتێکی فراوانی خزمەتگوزارییەکان هەیە؟ بەتایبەت لەبواری کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆ. تاد؟**

**پارێزگاری کەرکوك:** لە بواری گەشەکردن و خزمەتگوزاری و ئابووریدا کێشە و گرفتمان هەیە، کێشەی بێکاری یەکێکە لەم کێشانەی کە بۆمان ماوەتەوە و هەوڵمانداوە بە هەموو توانایەکەوە خەڵك دابمەزرێنین، لەگەڵ گشت وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق رووبەڕووی یەك بووینەوە و شەڕمان لەگەڵیان بووە تاوەکو توانیوومانە بە هەزارەها خەڵکی شاری کەرکوك لە دامودەزگاکانی حکومی دابمەزرێنین، هاوکات نەمانهێشتووە خەڵکی دەرەوەی کەرکووك لە کەرکووك دابمەزرێن و رێگر بووینە کە فەرمانبەری کەرکووکی لە دامودەزگاکان بگوازنەوە بۆ شار و شوێنی دیکە، بەڵام هێشتا خەڵکی دیکەمان زۆر بێکارن بەڵام ئێستا دەستەی وەبەرهێنانمان دامەزراندووە و هەوڵدەدەین خەڵك و کۆمپانیای وەبەرهێنەر بێنینە کەرکووك و لە رێگای ئەوانەوە پرۆژەکان ئەنجام بدرێت و بەمەش بەشێکی باشی بێکاری لە کەرکووك چارەسەر بکەین ئەگەر سەیری شاری کەرکوك بکەین بە گشتی لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی دواییدا دەبینین گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینیوەو پرۆژە و گۆڕانکاری زۆری تێدا ئەنجامدراوە..

بەو بودجە کەمەی بۆشمان تەرخانکراوە مەحاڵە بتوانین ئەم هەموو پرۆژە و وێرانکاریانە سەر لە نوێ دروست بکەینەوە، سەرەڕای کەمی بودجەکەش سەدەها پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو شەقام و پرد و تۆڕی دابەشکردنی ئاو. تاد. ئەنجامدراوە تەنیا لە ناو شاری کەرکووك(١٠٠)



هەندێ خەڵک هەستاون بە فرۆشتنی خانووە بە تاپۆکانیان و دروستکردنی خانووی زێدەڕۆیی ئەمە جێگای نیگەرانی ئێمەیە، چونکە زیان لە خۆیان و لە کەیسە گشتییەکەش دەدەن

باخچەمان دروستکردووە ئێستا دوو پارکی بەرفراوانمان لە ژێر دەستە کە بە توانای خۆمان هاتۆتە دی و (٣٠٠) باخچەی زەیتوون لە گوندەکان دروستکراوەو شارێکی یاریمان داوەتە وەبەرهێنان لە ژێر جێبەجێ کردندایە و چەندین بەنداومان دروستکردووە و ئێستا بەنداوی خاسەمان لەبەر دەستە کە بەنداوێکی گەورەیە لەسەر ئاستی کەرکووك بڕی (٧٤) ملیۆن مەتر سێ جا ئاوگلدەداتەوە، لەبواری نیشتەجێبوونیش چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونمان ئەنجامداوە و لە بواری وەرزش بە هەمان شێوە کارمان کردووە و پاش چۆڵکردنی یاریگای کەرکووك و قەرەبووکردنەوەی خەڵکەکەی کەتێیدابوون، لەپاشان بەشێوەیەکی باش پاککرایەوە و ئێستاش لە بواری ئەوەدایە بدرێت بە بەڵێندەر و بە جوانترین شێوەو هاوچەرخانە دروست بکرێتەوە، جگە لەمە لە بواری وەرزشی چەندین پرۆژەمان ئەنجامداوە وەکو دروستکردنی مەلەوانگە و یاریگا و هۆڵی وەرزشی و یانەی وەرزشی، هەروەها لە دوای هەوڵێکی یەکجار زۆر توانیمان پرۆژەیەکی گەورە بێنینە کەرکووك ئەویش پاڵاوگەی نەوتە کە شوێنی بۆ دیاریکراوە لەسەر ڕێگای شارۆچکەی دوبز لەلای گوندی دیقوتان کە بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، تەنیا دیزاینەکەی (١٢٣،٥) ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکراوە، ئەمەش کۆمپانیای شۆی ئەمەریکی ئەنجامی داوە و لە پاشان دەدرێتەوە وەبەرهێنان بۆ جێبەجێکردنی،ئەم پاڵاوگەیە ڕۆژانە دەتوانێ (١٥٠) هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنێت.

**لەگەڵ گشت وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی یەک بووینەوە و شەڕمان لەگەڵیان بووە تاوەکو توانیوومانە، هەزارەها خەڵکی شاری کەرکوک لە دامودەزگاکانی حکومی دابمەزرێنین**

**بەنداوی خاسەمان لەبەر دەستە کە بەنداوێکی گەورەیە لەسەر ئاستی کەرکووک بڕی (٧٤) ملیۆن مەتر سێ جا ئاوگلدەداتەوە**

### بێکارەبایی و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی

**سەبارەت بەکێشەی کارەباش بەڕێزی وتی:** تۆڕی کارەبامان لە سنووری پارێزگای کەرکوك گەیاندۆتە زۆربەی شوێنەکان و کێشەی کارەبا کێشەیەکی سەرتاسەریە لە عێراقدا هەر (١٥) پارێزگای گرتۆتەوە و کارەبای کەرکووك لە(١٤) پارێزگایەکانی دیکە باشترە، ئەمساڵ بڕیارێکمان دەرکرد کە دەبێ، کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان لە(١٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت، هەر کاتێك کارەبای حکومی بکوژێتەوە شەوبێت یان ڕۆژبێت دەبێ ئەوان کارەبا بدەن، بەمە(١٠) سەعات کارەبا دابینکراوە و بڕی ئەو کارەبایەی لە تۆڕی گشتی بۆمان دێت ماوەی (٦ تا ٨) کاتژمێر کارەبا دەدرێت واتە بە حکومی و موەلیدەی ئەهلی ڕۆژانە (١٦تا ١٨) کاتژمێر کارەبا لە شاری کەرکووك هەیە.

**ئاوی خواردنەوە گرفتێکی دیکەی خەڵکە لەمبارەیەوە لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵان دا گوتی:** چەند ساڵە کاردەکەین بۆ ئەوی پرۆژەی ئاوی دووی یەکگرتووی کەرکووك ئەنجام بدەین، ئێستا ئەمەمان بەدەستهێناوە پرۆژەکە ڕاگەیاندنی بۆ کراوە لە قۆناخی ئەوەدایە بدرێت بە بەڵێندەر بڕی (٢٠٠) ملیار دیناری عێراقی تێدەچێت، بە تەواوبوونی پرۆژەی ئاوی دووی کەرکووك گرفتی کەمئاوی لە شاری کەرکووك کۆتایی دێت . هاوکات ئاوی خواردنەوەمان گەیاندۆتە هەموو گەڕەکە کۆن و تازەکان و پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورس و بارانمان بۆ کەرکووك لەبەردەستدایە، بودجەو کاتێکی زۆری دەوێت، بودجەی دیزاینەکەمان تەرخانکردەوە و دەیدەینە تەندەر و بەڵێندەران هەر کۆمپانیایەك تەندەرەکەی بردەوە لە ماوەی دیاریکراودا دەبێ دیزاینەکە تەواو بکات و ئێستا لەم ماوەیەدا خۆم سەرپەرشتی پاککردنەوە و جوانکاری شەقام و بەردەمی دوکان و بازاڕەکان دەکەم و پرۆژەمان هەیە بۆ شۆستەو ناوەڕاستی شەقامەکان کە تێیاندا دار ودرەخت و گوڵ و گوڵزار بچێنین لە چەندین شوێنیش نافووری دروست بکەین.

### پارەی بەشە تەرخانکراوی نەوت لەدەرهێنانی نەوتی کەرکووک

**گوڵان – بۆ هەر بەرمیلێك پێترۆل بڕی ١ دۆلار دانراوە تاوەکو بدرێتە شاری کەرکووك، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە ئەو بڕە پارەیە خەرج نەکراوە؟**

**پارێزگاری کەرکووك:** گەورەترین دەستکەوت کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کەرکووکە بێتەدی کە ئەمەش من بۆ کەرکووکم بەدەستهێناوە، ئەویش ڕێژەی (١) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت کە بدرێت بە شاری کەرکووك، تەنیا لەماوەی (٥) مانگدا لەبەشە تەرخانکراوی نەوت بۆ کەرکووك کەلە دەرهێنانی نەوتی کەرکوك بەدەستهاتووە بڕی (١٣٢) ملیار دیناری عێراقییە، ئەمەش زۆر زیاترە لە بودجەی پەرەپێدانی ساڵی (٢٠١٠) ی کەرکووك کە بڕەکەی تەنیا(١١٥) ملیار دینارە.

کە باسی ئەوە دەکرێت بودجەی پەرەپێدان خەرج نەکراوە ئەمە هیچ ڕاستییەکی تێدا بەدی ناکرێت و پروپاگەندەیە و ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بوویمەوە و دەبمەوە کە دەڵێن بودجە خەرج نەکراوە، بەڵام چەند کەسانێك هەن پروپاگەندە دەکەن و بە هەموو جۆرێك دژایەتی ئیدارەکەی کەرکوك دەکەن، ئەگەر ڕاست دەکەن با تەنیا یەك دیکۆمێنت بێنن کە ساڵێك پارە خەرج نەکرابێت، بەپێچەوانەوە ساڵانە لە بودجەی پەرەپێدان چەندین پرۆژەی گرنگ و بەرچاو بۆ خزمەتی کەرکوك دروستکراوە و بەڕێکوپێکی پارەکە خەرجکراوە، بەبێ ئەوەی یەك هەڵەشی تێدابێت، تەنیا ساڵی (٢٠٠٨) نەبێت، ئەویش پارەمان بەدەست نەگەیشتووە، چونکە نرخی بەرمیلی نەوت لە ئاستی جیهان لە (١٤٧) دۆلار بۆ کەمتر لە(٤٠) دۆلار دابەزیوە لە ئەنجامدا بوودجە بۆ هەموو پارێزگاکان بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە نەهاتووە.



## قەڵاتی کەرکووک

قەڵاتی کەرکووك یەکێکە لەو شـــوێنەوارە کـــۆن و دێرینانە کە بۆتە ڕەمزی شـــارەکە و حکومەتی عێراقی پێشـــوو نەك گرنگی پێنەداوە بەڵکـــو خاپووری کردووە و هەوڵی داوە مۆرکە ڕاستەقینەکەی بشێوێنێت.

**بۆ ئـــەو مەبەســـتەش بەڕێـــز پارێزگاری کەرکووك وتی:**

گفتوگۆ و دانیشتنمان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ کردووە بۆ ئەوەی قەڵاتی کەرکووك بخەینە لیســـتی شـــوێنەوارەکانی جیهان و ئەمەش پاڵپشـــتی وەزارەتی ڕۆشـــنبیری عێراقـــی دەوێت، چونکە ئـــەوان ڕێگریمان لەمبارەوە لێ دەکەن و هەوڵێکی زۆریشمان لەگەڵ ئەوان داوە لە کاتێك قەڵات بخرێتە ئەم لیستە کاری نۆژەنکردنەوە و جوانکاری بە تـــەواوی بۆ دەخرێتە پـــلان و جێبەجێ کردنەوە.

## پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووک

ســـەبارەت بەئاســـتی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکانـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بۆ شـــاری کەرکووك بەڕێزیان وتی: زۆر سوپاســـی حکومەتی کوردستان دەکەم هەر لەســـەرەتاوە تا ئێستا لە هەموو بوارێکدا هاوکار و پاڵپشـــتی جۆراوجۆریان کردووین و زۆر سوپاســـی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە لـــە کابینەی پێنجەمدا زۆر هاوکاریـــان کردووین و لـــە بواری پـــەروەردە خەڵکیان بـــۆ دامەزراندوین و لە ئاوادەنکردنەوەی گوندەکان ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکیان هەبووە، چونکە لە بواری پەروەردە لە هەمـــوو ڕووێکەوە کەموکوڕیمان هەبووە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو و پتر لە (٤٠٠) قوتابخانەی جۆراوجۆرمان لە ناو شـــار و شـــارۆچکەکان و گوندەکان دروستکردووە، جگە لـــە نۆژەنکردنەوە و پتـــر لە (٤٠٠) قوتابخانەی کـــوردی کراوەتەوە حکومەتی هەرێم لەم پرۆژانەو چەندین پرۆژەی دیکە هاوکارمـــان بوون و ماوەیەك پێش ئێســـتا ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیـــری پـــەروەردە و تەندروســـتی و ڕۆشنبیری و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و نیشتەجێبوون، سەردانی شاری کەرکووکیان کردوو بـــەردی بناغـــەی قوتابخانەیەکیان بەناوی پێکەوەژیان لـــە گەڕەکی ڕەحیماوە دانـــاو یەکێکی دیکە لە گەڕەکی ڕووناکی و پـــرۆژەی دیکەمان هەیە و داوامان لێیان کردووە بۆمان دروســـتی بکەن لەمبارەشەوە ئامادەی خۆیان نیشانداوە. بەڕێز پارێزگار لە بـــارەی و گرنگیـــدان بـــە گەنجان و کەمئەندامانی کەرکووك وتی:سەنتەرێکی بەرفراوانی مۆدێرن لە ژێر جێبەجێکردندایە لەلایەن حکومەتی کوردســـتان بۆ گەنجان و خۆمان سەرپەرشـــتی دەکەیـــن دەکەوێتە ڕێگای ســـلێمانی- کەرکووك هۆڵێکی زۆر گەورەی تێدایـــە کە پتر لە (١٤٠٠) کەس دەگرێت و هۆڵی ئەنتەرنێت و ریســـتۆرانت و چەندیـــن بەشـــی دیکە لەخـــۆ دەگرێت ســـەنتەرێکی دیکە هەر لەلایەن حکومەتی کوردستان دروســـتکراوە دەکەوێتە سەرڕێی هەولێر- کەرکووك.

بۆ کەمئەندامان و منداڵانی بێسەرپەرشتیار دوو باڵەخانـــەی زۆر جوان و هاوچەرخمان دروســـتکردوە بەڵام تا ئێســـتا نەمانتوانیوە سوودی لێوەربگرین و چەندین جار داوامان لـــە وەزارەت و کەســـانی پێوەندار لە عێراق کردووە کە هاوکاریمـــان بکەن و کەلوپەل و پێداویســـتیمان پێبدەن بـــەڵام بەدەگمانەوە نەهاتوون یەکێك لە باڵەخانەکان قوتابخانەیە بۆ نابینایان و ئەوەی دیکە بۆ کچانی بێ کەســـوکار و بێ سەرپەرشـــتیارانە داوامان لە حکومەتی کوردســـتان کـــردووە ئەگەر حکومەتی عێراق هاوکاری نەکردین ئەوان هاوکاری و یارمەتیان بدەن بۆ دەستبەکاربوون لەم دوو پرۆژە گرنگ و مرۆڤایەتییە و بە گشـــتی بۆ کەمئەندامان تا ئێستا هیچمان نەکردووە چونکە بودجەمان لەبەردەستدا نییە و حکومەتی عێراقیش هاوکاریمان ناکات.

لەکۆتایی قســـەکانیدا بەڕێـــزی ئاماژەی بەرووبەرووبوونـــەوەی گەندەڵـــی کـــردوو لەمبارەیەوە بەڕێزیـــان داوای دامەزراندنی دەزگای پشـــکنینی کردووە و دەســـتەی دەستپاکیش لەکەرکووك دامەزراوەو چەندین خەڵك لەسەر گەندەڵی لە کەرکوك گیراون و ڕەوانـــەی دادگاکراون،هـــەر بەپێی ئەو ڕاپرسییەی دەستەی دەستپاکی لە کەرکووك لەم مانگەدا ئەنجامی داوە ڕێژەی گەندەڵی لە شـــاری کەرکووك دابەزیوە بۆ (٢,٥٪)، گەرچی ناڵێـــن گەندەڵی هەر نییە، بەڵام زۆر کەمە و داوامان لە هاووڵاتیان کردووە ئەگەر بەڵگەیان لەســـەر هەر فەرمانبەر و کەســـێك و دامودەزگایـــەك هەیە بایهێنن، هاوکاریمان بکەن تا بتوانین پتر ئەم دیاردە و گرفتە بنەبڕبکەیـــن . هاوکات بەڕێزی ئامـــاژەی بەوەکرد کە کێشـــەیان لەبواری تەندروســـتی هەیە، بۆ ئەم مەبەســـتەش ئێستا نەخۆشخانەیەك لەســـەر پەرەپێدانی پارێزگا دروســـت دەکرێت کە ٢٠٠ تا ٣٠٠ قەرەوێلە دەبێـــت، لە ماوەی چەند مانگی داهاتـــوو تەواو دەکرێت بـــە هەوڵێکی زۆر توانیمـــان جێگایـــەك دابنـــی بکەین بۆ دروستکردنی نەخۆشـــخانەیەکی دیکەی (٤٠٠) قەرەوێلەیی و نەخۆشـــخانەیەکی دیکـــەش (٣٠٠) قەرەوێلەیی کە وەزارەتی تەندروســـتی عێـــراق پێی هەڵدەســـتێ، و بڕیـــارە نەخۆشـــخانەیەکی (٢٠٠) تـــا (٣٠٠) قەرەوێلەیی لە شـــارۆچکەی دوبز دروســـت بکەین، هاوکات چەندین بنکەی تەندروستیمان لە گەڕەك و شوێنە جیاجیاکان دروستکردووە..

**بڕی ئەو کارەبایەی لە تۆڕی گشتی بۆمان دێت ماوەی (٦ تا ٨) کاتژمێر کارەبا دەدرێت**

**تەنیا لەماوەی (٥) مانگدا لەبەشە تەرخانکراوی نەوت بۆ کەرکووک کەلە دەرهێنانی نەوتی کەرکوک بەدەستهاتووە بڕی (١٣٢) ملیار دیناری عێراقییە**



# عەقلیەتی بەدواخستنی بڕیار:
# لە کوردستان و باشووری سوودان



**فەلەکەدین کاکەیی**

**بەشی یەکەم**

**(١)**

ئـەو حکومەت و حوکمڕانانـــە، کە ناتوانن گرفت و کێشــەکان چارەسەر بکەن، دوو ڕێگە دەگرنەبەر:

١- ناچنە ژێری و، لە بنەڕەتەوە کێشـــەکان دادەپۆشـــن و نکوڵـــی دەکـــەن لـــەوەی هیچ کێشـــەیەکیان هەبێ، وەك هەمیشە بەرامبەر بە کێشەی کورد لە هەمولایەکدا کراوە.

٢- ئەگەر بەناچـــاری بڕیارێك وەربگرن و بەڵێن بدەن، ئەوە هەوڵدەدەن بڕیارەکان دوابخەن، بۆ ئایینده دووری بخەن، تا لە بیر بچێتەوە، یا هەلومەرجێکی گونجاویان بۆ هەڵبکەوێت تا بە گوێرەی ئارەزوو و سیاسەتی خۆیان چارەسەری بکەن، ئەویش وەك بەڵێنەکان کە بە کورد دەدرێن، لەوانەش بۆ نموونە چارەسەری کەرکوك سالانی ١٩٧٠-١٩٧٤، ئەمجا سالانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦ تا ئەمڕۆ:

کێشەی باشووری ســـوودانیش تا ئێستا بە دەردی کێشـــەی کـــورد، بەتایبەتی کەرکووك، چووە:

**(٢)**

وێکچوونـــی ســـەرەکی کێشـــەی کورد و باشووری ســـوودان، عەقلیەت و بیری سیاسی حکومەتەکانی بەغدا و خەرتوومە.

هـــەردوو ڕژێم، دیموکراتـــی نین، ئەگەر لە ناچاریش هەنـــدێ بڕیار و بەڵێنیان دابێ، ئەوە بڕوایان بە بەڵێنی خۆیان نەبووە، چونکە بڕوایان بە چارەسەری کێشەکان نین.

هەردوو حکومەتیش ڕەگەزپەرست و پاوەنکار و دواکەوتوو و دژی ئـــازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ بوونە.

مەبەســـتم مێژووی ٤٠-٥٠ ساڵی بەڕێیە، کـــە هەردوو حکومەتی بەغـــدا و خەرتووم، تا پێیان کراوە، بەئاگر و ئاســـن و جەنگی ناڕەواو کوشتاری بە کۆمەڵ وەڵامی خەڵکی مافداری کوردستان و باشوور سودانیان داوەتەوە.

هێنانەوەی باســـی باشـــووری ســـوودان و کوردســـتان لەبەر وێکچوونی بیری سیاســـی حوکمڕانانی هەردوو وڵاتە، گەرنا دوو کێشەی جیاوازی و دوو جوگرافیا و مێژووی جیاوازن، هەر چەندە لە چەندین ئالیی دیکەوە وێکدەچن،

١- هەر دوو کێشە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەریان هەڵدەدایەوە...

ململانێ گـــەرم دەبـــوو، شـــەڕوپێکدادان ڕوویـــدەدا، ماوەیەکیش دەکەوتنـــە گفتوگۆ و بڕیاری ئاشـــتی و چارەسەریی لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی دەدرا، وەلێ جارێکی تر شەڕ هەڵدەگیرسایەوە.

٢- دوای دەرکەوتنـــی ڕێککەوتننامـــەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەســـەر ئاشتی و کەیانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســـتان، لە ســـوودانیش بۆ کێشەی باشـــوورەکەی چارەسەرییەکی وەهایان خستە بەردەســـت، بەڵام حکومەتی سوودان لە ئۆتۆنۆمی باشـــوور پاشـــگەز بووەوە و کەوتە شـــەڕ و سەرکوتی خەڵکی باشـــوور، هەروەکو حکومەتـــی عێراقیش ســـاڵی ١٩٧٤ بیانووی ڕەتکردنەوەی پرۆژە سەقەتەکەی بۆ ئۆتۆنۆمی لەلایەنی ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی کوردەوە، هێرشـــی بەربڵاوی ئاسمانی و زەوینی و گرتن و کوشـــتنی هاووڵاتیانی کردە ڕێبازی خۆی، بەوەش ئۆتۆنۆمی راســـتەقینەی خنکاند و لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ لەگەڵ ڕژێمی شانشـــاهی ئێران جووت کـــەوت بۆ خنکاندنی بزاڤی ڕزگاریخـــوازی دیموکراتییانەی گەلی کوردستان.

٣- دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی عەرەبی و ســـەدام حسین ســـاڵی ٢٠٠٣ ئیتر دەرکەوت کە کەیانـــی فیدڕاڵی کوردســـتان وەك خۆی دەچەسپێت، هەروەکو دەستووری عێراقی ٢٠٠٦ دانی بەوەدانا (ئەگەر لێی پەشـــیمان نەبنەوە!).

لە ســـاڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ یـــش بزووتنەوەی ڕزگاریخـــوازی باشـــووری ســـوودان کەوتە داواکردنی سیســـتەمی فیدراڵی لە ســـوودان، لە ئەنجامدا ڕێککەوتنێکـــی نێوان حکومەتی سوودان و باشـــوور، بە ئامادەبوون و شایەدیی کۆڕ و کۆمەڵەی ئەفریقایی و نێودەوڵەتی، هاتە واژۆکردن، لەسەر دوو بناغەی هەرە گرنگ

أ- سیســـتەمی ســـوودان ببێ بە فیدرالیزم و نوێنەرانی باشـــوور لە پۆستە سەرەکییەکاندا بەشداربوون و، بڕیاری دابەشکردنی سامانیش وەرگیـــراو، پەرلەمـــان و حکومەتی باشـــوور دامەزران.

ب- لـــە کانوونی یەکەمـــی ٢٠١١ خەڵکی باشـــووری ســـوودان ئازادبن لـــە ریفراندۆمی هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆیان، کە ئایا لە نێو سوودانی یەکگرتوودا دەمێننەوە، یا جیا دەبنەوە و دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆیان دادەمەزرێنن، ( کـــە ڕەنگە ئەو وەختە ناوێك لە باشـــووربنێن بەپێی کەلتوور و ئایینی خۆیان کە تێکەڵاون لە کریستیان و موسڵمان و فریشە پەروەر (ئەرواحی ) و بوتپەرست و هی تر.

٤- ســـنوور: ئێستا گەرمترین کێشەی نێوان حکومەتـــی مەرکەزی و حکومەتی باشـــوور دەستنیشـــانکردنی سنووریانە، کە هەرچەندە لە ڕێککەوتننامەکەیان ئاماژەی گشتی بۆ کراوە، بەڵام (هەروەکو ناوچەکانی کەرکووك خانەقین و شەنگار و هی دی ) هێشتا بە وردی و دروستی یەکلا نەکراوەتەوە، کێشـــەی سەرەکی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق و ساڵی ١٩٧٤ ســـنووری هەرێمی کوردســـتان بوو، ئێستاش کێشەکە لە دوتوێی ماددەی ١٤٠ دا ماوەتەوە.

باشووری ســـوودانیش، بەشـــێوەی خۆی، ماددەی وەهای هەیە، کە لـــە یەکلابوونەوەی هەرێم و شاری (ئێبی ) خۆی دەبینێتەوە.

٥- نەوت و داهاتی سوودان، هەروەکو عێراق بەشـــێوەی دیکە، باکوور باشـــووری ســـوودان کێشەی دابەشـــکردنی ســـەرچاوەکانی نەوت و ســـامانە سروشـــتییەکان و داهاتی وڵات و ئـــاوی ڕووباری نیل و قەرزەکانی ســـوودانیان نەبڕیوەتەوە.

٦ـ باشـــوور هێشتا کێشـــەی ڕەگەزنامە و زمان و نوێنەرایەتی دیبلۆماســـی و پێوەندیی بە جیهانەوە ماوە.